# (وتار و دیدگای عەبدولکەریم قاسم دەربارەی کورد و کوردستان) ( 1958 – 1963)

## (توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە)*



| |
|---|
| فەرحان جەوهەر قادر |
| بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەولێر، عێراق |
| Farhan.jawhar@yahoo.com |
| پ. د. محمد عبدوڵلا کاکەسور |
| بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەولێر، عێراق |
| makakasur@yahoo.com |





| وشەکلیلیەکان: | Received: 19/11/2025 | ID No. 5420 |
|---|---|---|
| عەبدولکەریم قاسم، کورد و کوردستان ، هاوبەشی عەرەب کورد، یەکێتی نیشتمانی. | Accepted: 16/12/2025 | (PP 74 - 97) |
| | Published: 07/06/2026 | https://doi.org/10.21271/zjlp.24.42.4 |



## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (وتارو دیدگای عەبدولکەریم قاسم دەربارەی کورد و کوردستان لە نێوان ساڵانی (1958- 1963)، توێژینەوەیەکی مێژووی شیکارییە، سەرنج دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقی گوتارەکانی تایبەت بە کورد و کوردستان، پێش هەڵگیرسانی شەڕی چەکداری نێوان بزووتنەوەی کورد و حکومەتی قاسم، هەروەها دوای هەڵگیرسانی ئەو جەنگە لە ساڵی 1961، چۆن گوتارەکانی وەك ئامرازێکی سیاسی بۆ ڕاکێشانی سۆزی کورد بەکارهێناوە، بۆ خۆدزینەوە لە جێبەجێ کردنی دەستوور و پێنەدانی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا، دواجاریش تۆمەتبارکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی، بە جیاخواز و پاشکۆی ئیستعمار، بۆ ڕەوایەتیدان بە لێدانی بزووتنەوەی کوردی.

## پێشەکی

یەکەم: دەروازەیەك بۆ ناساندنی بابەتەکە:

ڕووداوی 14تەمووزی ساڵی 1958 لە عێراق تا ئێستاش جێگەی مشتومڕێکی گەورەیە، لەلایەك بووە هۆی گۆڕانێکی مەزن لە سەر هەموو ئاستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، لەلایەکی تریش نەیتوانی بنەماکانی دەسەڵاتدارییەکی ڕەوای گەل بەپێی یاساو دەستوور لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بچەسپێنێت، بۆیە تا ئێستا توێژەرو مێژوونووسان بەسەر دوو ڕای جیاواز لە بارەی ئەو ڕووداوە دابوشبوونە، هەندێکیان پێیانوایە شۆڕشە و بەشێکی تریشیان پێیانوایە کودەتایە، من

---

* ئەم توێژینەوەیە، هەڵهێنجراوە وەک بەشێک لە ماستەرنامەی قوتابی (فەرحان جەوهەر قادر) بەناونیشانی (کورد و کوردستان لە گوتارەکانی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرەکانی عێراقدا 1958-1979)، لەژێر سەرپەرشتی (پ. د. محمد عبدوڵلا کاکەسور)، پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، دەکرێت.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

لەگەڵ ڕای دووەمر، چونکە هەموو ڕەگەزەکانی کودەتای تێدا بوون، کۆمەڵێك ئەفسەر پلانێك دادەنێن و لە بەرەبەیانێکی زووودا بەهۆی تانك و زرێپۆشەوە دەچنە سەر کۆمەڵێك دامەزراوەیی شەرعی وڵات و بنەماڵەیی فەرمانڕەوای پاشایەتی بەبێ دادگا کوشت و بڕ دەکەن.

ئەو ڕووداوە بۆ خەڵکی کوردستانیش لەسەرەتادا جێگەی ئومێد بوو، چونکە کۆتایی بەسەردەمی نکوڵیکردنی نەتەوەیی هێنا و لەدەستووری کاتیدا دانیان بە کورد نا وەك هاوبەشێك لە عێراقدا، دواتر کێشە لە نێوان حکـومەتی کودەتـا و کـورد دروست بوو نەیانتوانی بەیەکەوە هەڵبکەن و شەڕهەڵگیرسا.

لەگەڵ هەموو ئەو هەڵانەی لەلایەن عەبدولکەریم قاسم کراون تا ئێستاش پڕلایەنگیرترین سەرکردەی عێراقە، چونکە هەمـوو ئەو سـەرۆکانەی لە دوای ئەو دەسـەڵاتیان وەرگرتـووە نەیـانتوانیووە لەو باشـتربن، وێـڕای ئەوەی زۆری لەسـەر نووسراوە، بەڵام هێشتا گەلێك لایەنی نا ڕوون ماون تیشکیان بخرێتە سەر، شرۆڤە کردنـی گوتارەکـانی لە تـوێژینەوەیەکی وادا، دڵنیامر زۆر لایەنی شاراوەی ئەو سەردەمەو جۆری بیرکردنەوەی قاسممان بۆمـان ڕوون دەبێـتەوە، هەروەهـا هەڵە و کەمر و کوڕیەکانی سیاسەتی ئەو کاتەی کوردیشمان بۆ دیار دەبێت.

دووەمر: گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەو توێژینەوەیە لە شرۆڤەکردنی گوتاری قاسم دەربارەی مەسەلەی کورد و کوردستان، وەك یەکەمین توێژینەوە لەسەر کێشەی کورد لە دیدگای سەرکردە عێراقیەکانە، بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی مەسەلەی کورد لە عێراقدا. لە میـانەی توێژینەوەکەمانـدا چەنـدین زانیـاری نـوێمان بـۆ ڕوون دەبێـتەوە و دەردەکەوێـت جیـاوازییەکی زۆر لە نێـوان گوتـارو سیاسەتەکانیاندا هەبووە، وەك ئەوەی لە گوتارەکانیدا بانگشـەی یەکسـانی و نەبـوونی جیـاوازی نەتەوەیـی لە نێـو گەلانـی عێراقدا دەکرد وانەبووە.

سێ یەمر: ئامانجی توێژینەوەکە:

بۆ زیاتر تێگەیشتنە لە سروشتی پەیوەندی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو کاتەی عێـراق، بە تـایبەتی لە مـاوەی دەسـەڵاتی عەبدولکەریم قاسم بە ماوەیەکی مێـژووی لە عێراقـدا دەناسرێـت بەنـاوی مـاوەی قاسـم. لەگەڵ ڕەهەنـدەکانی چـۆنیەتی ماملەکردنی لەگەڵ ئەو کێشەیە. بۆیە ئامانجمان ئەوەیە لە ڕێـگەی ئەو تـوێژینەوەیە کـۆیی کێشـە و ئاسـتنەگەکانی بەردەمر نەهاتنەدی ئەو داواو داخوازیانە بە شێوەیەکی بابەباتیـانە و لە ڕێـگەی شـیکردنەوەی گوتـاری سیاسـی خـودی سـەرکردەی کودەتاکە تاوتوێ بکەین. بۆئەوەی بگەینە هۆکارە ڕاستەقینەکانی جێبەجێ نەبوونی داخوازیەکانی کورد.

چوارەمر: میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان پشتی بە میتۆدی شیکاری مێژوویی بەستووە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی گوتاری قاسـم لە چوارچێـوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی مێژووی عێراق لەو ماوەیەدا. بەشێوەیەك بۆ پێکەوەبەستنی ناوەڕۆکی گوتارەکان لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی و کاریگەری ئەو گوتارە لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتی ناوەندی.

پێنجەمر: گرفتەکانی توێژەر:

گرفتەکانی توێژەر نەبوونی یان دەستنەکەوتنی هەموو گوتارەکانی قاسم لە ئەرشـیفەکانی فەرمـی وئەکـادیمی عێـراق و کوردستانیش. بۆیە توێژەر ناچار بووە پشت بەو چەند پەرتووکانە ببەستێت بەشێك لە گوتارەکانی کۆکردوونەتەوە و بڵاویان کردوونەتەوە، لەگەڵ چەند ڕۆژنامەیەکی کۆن. هەروەها نەبوونی توێژینەوە و لیکۆڵینەوەی زانستی تایبەت بە شیکردنەوەی گوتارەکانی قاسم لەبارەی کوردەوە، بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت وەك سەرچاوە پشتیان پێببەستێت. وێڕای هەبوونی کۆمەڵێك گێڕانەوەی دژبەیەك لە بارەی قاسم و هەڵوێستەکانی دەربارەی کورد و کوردستان. دەبوو توێژەر بە چـاوێکی ڕەخـنە گـرانە سەیری هەموو ئەو سەرچاوە و ئەرگۆمێنتانە بکات، بۆ دوور خستنەوەیان لە کاریگەری سیاسی.

شەشەم: پرسیاری توێژینەوەکە:

پرسیاری توێژینەوەکەمان ئایا قاسم لە گوتارەکانیدا چۆن باسی لە کێشەی کورد و کوردستان کردووە؟ گوتارەکانی تا چ ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر باری سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و دروستکردنی ڕای گشتی و ئاراستە کردنی دژ بە کوردستان؟ گوتارەکانی تاچەند ڕاستگۆیانە بوونە لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد؟ ئایا گوتارەکانی تا چەند قەتیس بوونە لە نێوان دروشم و کردار؟ گریمانەی وەڵامی پرسیارەکانمان ئەوەیە عەبدولکەریم لە گوتارەکانیدا دانی بە کورد داناوە وەك نەتەوە، بەڵام کێشەی لەگەڵ داواکارییە سیاسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە، هەروەها گوتارەکانی کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی لە کوردستان هەبووە، بەڵام نەیتوانیووە گوتارەکانی بکاتە بە شێك لە سیاسەتەکانی دەربارەی کورد.

حەوتەم: پەیکەری توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان دابەشی سەر دوو تەوەری سەرەکی و چەند باسێك دەبێت، تەوەری یەکەم بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق لەسەردەمی پاشایەتی تا کودەتاکەی 14تەموزی 1958، ئەم تەوەرەش لە دوو باس پێك دێت، باسی یەکەم بارودۆخی سیاسی سەردەمی پاشایەتیە، باس لە پەیوەندیە سیاسییەکانی عێراق و بەریتانیا دەکات، هەروەها باس لەو گۆڕانکاریانەش دەکات لە ئەنجامی پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی و کێشەی فەڵەسین هاتنە کایەوە، لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کوردستان. باسی دووەم بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەمی پاشایەتیە تا 14 تەموزی 1958، ئەم باسەش لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای هێزی خێڵەکی و سیستەمی دەرەبەگایەتی بە هاوکاری بەریتانیا دەدوێت. تەوەری دووەمیش شیکردنەوەی گوتارەکانی عەبدولکەریم قاسمە دەربارەی کورد و کوردستان، ئەم تەوەرەش لە دوو باس پێك دێت باسی یەکەم سیاسەت و هەڵوێستەکانی عەبدولکەریم قاسم دەربارەی کورد و کوردستان لەماوەی دەسەڵاتی، باسی دووەمیش شیکردنەوەی گوتارو دیدگای عەبدولکەریم قاسمە دەربارەی کورد و کوردستان، بەهۆی ئەو شیکردنەوەیە ڕاستەخۆ دەتوانین لە دیدگا و تێڕوانینی ئەو دەربارەی کێشەی کورد تێبگەین.

## تەوەرەی یەکەم

## بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق لەسەردەمی پادشایەتی تا کودەتاکەی 14تەموزی 1958.

### باسی یەکەم

### بارودۆخی سیاسی

بارودۆخی سیاسی عێراق، لە سەردەمی پاشایەتی بارودۆخێکی ناجێگیر بووە. لەلایەك بەهۆی ململانێی هێزە سیاسییە ناوخۆییەکان، داوای ئازاد بوونی عێراقیان لە دەسەڵاتی بەریتانیا دەکرد، لەلایەکیتر بەهۆی ناکۆکیان لەگەڵ یەکتر لەسەر دەسەڵات، بۆیە هەمیشە حکومەتەکانی ماوە کورت و لەرزۆك بوونە[1].

ئەو ناڕەزاییە سیاسیانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزا جیاوازەکانی عێراق، بە هۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی عروبی و دروستکردن و دانانی بنەمای خوێندن و فێربوون لە سەر هزرە نەتەوەییەکانی عەرەبی، لەلایەن کەسێکی وەك

[1] حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني-العراق، في محطاته الرئيسية1946-1993، دهوك، مطبعة خةبات،1998، ص64.

ساتع ئەلحەسری[1] (1880-1968)، بەڕێوەبەری مەعاریف بوو، زۆرتر دژی شیعەکان بوو، پێیوابوو ئەمانە بنەچەیان فارسیە[2].

ئەو تێهەڵچوون و ئاڵۆزیانەی عێراق لە کۆتاییدا بوونە هۆی ئەوەی بەریتانیا، دان بەسەربەخۆی عێراقدا بنێت لە تشرینی یەکەمی 1932، بەریتانیا ڕازی بوو عێراق ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، هەرچەندە سەربەخۆییێکی ناتەواو بوو، بەڵام عێراق بەم هەنگاوە چووە قۆناغێکیتر، چونکە کۆتایی بە ماوەی ئینتداب هات، هەرچەندە ئەم هەنگاوەش نەبووە هۆی جێگیری بارودۆخی سیاسی، هۆکاری سەرەکی ئەو ناجێگیریەش، لەلایەك بەرزبوونەوەی شەپۆلی بیری نەتەوەیی عەرەبی لە نێوان ئەفسەرانی باڵای سەربازی، لە لایەکیتر دەستخستنە نێو کاروباری سیاسی ئەو ئەفسەرانە بوو، هەروەها دوای کەمتر لەساڵێك لە بڕیاری سەربەخۆی عێراق شا فەیسەلی یەکەم لە 8 ئەیلوول 1933 کۆچی دوایی کرد، مردنی شا فەیسەل کاریگەری سیاسی و سەربازی زۆری هەبوو لەسەر ناجێگیری زیاتری بارودۆخی سیاسی عێراق، چونکە شا غازی کوڕی (1912-1939)، لە سەرەتای تەمەنیدا بوو، وەك باوکی ئەو شارەزاییە سیاسییەی نەبوو[3].

ڕاپەڕینی فەلەستینییەکان لە 1936 و بەرزبوونەوەی ئاستی ناکۆکییەکانی نێوان عەرەب و جولەکەکان، بووە هۆکار و هاندەرێکیتر بۆ ئەفسەرە نەتەوەخوازەکان بۆ دژایەتی کردنی بەریتانییەکان، بەتایبەتی دوای بانگێهێشتکردنی موفتی ئەمین حوسێنی (1929-1974) ڕابەری فەلەستینیەکان بۆ عێراق لەلایەن ئەفسەرە عروبییەکان لە ساڵی 1939، هەروەها هاندان و پشتگیری ئەڵمانیایی نازی لە ڕێگەی باڵوێزەکەیان فریتز گروبا (1886-1983) وایکرد ئەو ئەفسەرانە لە نیسانی 1941 بەسەرکردایەتی ڕەشید عالی گەیلانی(1892-1965)، کودەتایەك بەسەر حکومەت و وەسی عبدولئیلا کوڕی عەلی دا(1912-1958) بکەن[4].

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان بارودۆخی سیاسی و ئابووری عێراق زۆر خراب تێکچوو بوو، لەم بارودۆخەشدا حکومەتی صالح جەبر(1896-1957) هەڵسا بە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەریتانیا بۆ مۆرکردنی پەیمانێکیتر لە جیاتی پەیمانی ساڵی 1930 دواتر بە پەیمانی پۆرتسمۆس ناسرا*، لە 15 کانی دووەمی 1948 لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆرکرا، بەڵام بە هۆی ناڕەزایەتی بەرفراوانی خەڵك، دواتر گۆڕدرا بۆ خۆپیشاندانی گەورە لە هەموو لایەکەوە توندو تیژی زۆری لێ پەیدا بوو خەڵکێکی زۆر کوژران و گیران.

وەسی عەبدولئیلا [5](1913-1958) ناچار لە ژێر گوشاری فراوانی جەماوەر، داوای لە سالح جەبر کرد دەست لە کار بکێشێتەوە، لە شوێنی ئەو محەمەد ئەلسەدر( 1885-1956)، لە 29 کانوونی دووەمی 1948 کابینەی نوێی پێکهێنا، دوای

---

[1] ساتع ئەلحەسری، لە ساڵی 1880 لە سوریا لە دایك بووەو دواتر هاتۆتە عێراق، بە پێشەنگی بیری نەتەوایەتی عەرەبی دادەنرێت لە ساڵی 1968 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

[2] فيبى مار، تاريخ العراق المعاصر، ترجمة مصطفى نعمان، بغداد دار و مكتبة اوراق -مكتبة المجلة، 2020، ص36.

[3] نوري عبدالحميد العاني و آخرون، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري 14تموز1958-7 شباط 1959، بغداد، بيت الحكمة، 2000، ص45.

[4] تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق، ترجمة زينة جابر ادريس، بيروت، دار العربية للعلوم، 2006، ص152-154.

[5] عەبدولئیلا کوڕی عەلی کوڕی حسێن هاشمییە، لە ساڵی 1913لە حیجاز لە دایك بووە، کوڕە مامی شا غازییە، دوای مردنی شا غازی لە 1939، بەهۆی بچوکی تەمەنی کوڕەکەی بووە سەرپەرشتیاری شا، لە ساڵی 1958 لەلایەن هێزەکانی سەربە کودەتا کوژراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( سلمان التكريتي، الوصي عبدالاله بن علي يبحث عن العرش 1939-1953، بيروت، دار العربية للموسوعات، 1989، ص45.

کۆبوونەوەی یەکەمی و گفتووگۆکردن لە بارەی پەیماننامەکە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیدا و ڕایگەیاند ئەو پەیمانە لە ئاستی هیواو و داخوازی عێراقییەکان نییە، بەمەش سەلمێنرا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن زۆر لە حکومەت بەهێزترن[1].

ئەم گۆڕانکاریەش لە حکومەت نەبووە هۆی چارەسەری کێشەکان، چونکە نەیتوانی هیچ گۆڕانێك دروست بکات، هەرچەند هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجامدرا، بەڵام ئەنجامەکان وەك پێشوو مانەوە لە 38 ئەندامی پەرلەمان تەنها 7 یان نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆنی دەکرد، بەمەش بێ ئومێدی و تووڕەبوونی کەرتە کۆمەڵاتییەکان و ئۆپۆزسیۆنی زیاتر کرد، بۆیە خۆپیشاندانەکان سەریان هەڵدایەوە، دوای ئەمەش جەنگی فەلەستین و ئیسرائیل لە ئایاری 1948 هەڵگیرسا، حکومەتیش باری نائاسایی ڕاگەیاند[2]، دوای شکستی هێزەکانی عەرەب لەو جەنگە بەرانبەر ئیسرائیل و بەرز بوونەوەی نرخی خواردن و کەل و پەلەکان بەڕێژەیەکی زۆر، بەهۆی وەستانی بۆڕی نەوتی حەیفا و زۆری هاتنی پەنابەرە فەلەستینیەکان بۆ عێراق و زۆر بوونی خەرجیەکانی جەنگ و سوپا، دژایەتی کردنی عێراقییەکان بۆ بەریتانیا و ڕژێمی پاشایەتی زۆر زیادی کرد و بووە هۆی بەرپابوونی ڕاپەڕینی تشرینی دووەمی[3](1952).

سەرکەوتنی کودەتای ئەفسەرە ئازادەکانی میسر بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر(1918- 1970)، بووە هاندەرو پاڵپشتێکی گەورە بۆ ئەفسەرە ئازادەکانی عێراقیش، بۆ ئەوەی بیر لە هەنگاوێکی لەو جۆرە بکەنەوە، بەتایبەتی دوای مۆرکردنی پەیمانی بەغدا لە24 شوباتی[4]1955 و هێرشی ئسرائیل و فەرەنساو بەریتانیا بۆ سەر میسر لە 29 تشرینی یەکەمی 1956 و دوای خۆماڵی کردنی کەناڵی سوێس، هەموو خەڵکی عێراقی وروژاند لە دژی بەریتانییەکان و دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا[5]، سەرەنجام بووە هۆی ڕوودانی کودەتا لە 14 تەمموزی 1958، لەسەر دەستی سوپا کۆتایی بە سەردەمی پاشایەتی هات.

## باسی دووەم

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی

بارودۆخی عێراق بەر لە 14 تەموزی 1958لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەهۆی مانەوەی پاشماوەی هزرو بیری بەجێماو و سیستەمی دەرەبەگایەتی و پێکهاتەی هۆزایەتی، وایکردبوو نەخوێندەواری و نەخۆشی و هەژاری بە شێوەیەکی بەربڵاو هەموو کۆمەڵگەی عێراقی بگرێتەوە[6]، کۆمەڵگەی کوردستانیش سەرەڕای ئەو کێشانەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیشی

---

[1] علاء جاسم محمد الحربي، العلاقات العراقية – البريطانية 1945-1958، بغداد، بيت الحكمة، 2002، ص134.

[2] فيبي مار، المصدر السابق، ص112.

[3] حنا بطاطو،الطبقات الاجتماعية القديمة و الحركات الثورية في العراق، ترجمة سعد الحسني، لندن، دار الحكمة،2021، ص312.

[4] سلمان التكريتي، الوصي عبدالاله بن علي يبحث عن العرش 1939- 1953، المصدر نفسه، ص57.

[5] جعفر عبدالدائم المنصور و صالح عبدالعالي الخفاجي، تاريخ العنف السياسي في العراق المعاصر1941-1963،دمشق، دار تموز، 2021، ص161.

*پەیمانی پۆرتسمۆس پەیمانێکی سیاسی – سەربازی بوو لە نێوان حکومەتی عیراق و بەریتانیا لە 15 کانوونی دووەمی 1948بەسترا، وەك جێگرەوەی پەیمانی 1930، ئامانجی پەیمانەکە دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوانیان بوو بە دروستکردنی ئەنجومەنێکی بەرگری هاوبەش، هەروەها بەکاهێنانی بنکە سەربازییەکانی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە، پەیمانەکە لەلایەن لایەنە سیاسییەکان و جەماوەرەوە ڕەتکرایەوە و بووە هۆی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی 1948. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق، المصدر السابق، ص174.

[6] فيبي مار، تاريخ العراق المعاصر، ترجمة مصطفي نعمان احمد، بغداد، دار و مكتبة اوراق و مكتبة المجلة، 2020، ص 145-144.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

زیاد بوو. پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای عێراقی، لەسەر بنەمای خێڵایەتی و دەرەبەگایەتی بوو، بەریتانیاش بۆ مانەوەو زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی پاڵپشتی پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان بوو، ئەمەیان بەیاسا کردبوو بەناوی یاسای ناکۆکی خێڵەکی(قانون دعاوي العشائر) ڕێگەیان بە ئاغاو دەرەبەگەکان دابوو خۆیان بەپێی یاسای خێڵەکیانە هەڵسووکەوت لەگەڵ ڕۆڵەکانی خێڵەکەیان بکەن[1]. کەسانێکی کەم بەناوی دەرەبەگەوە خاوەن زەویی و زارێکی ئێجگار زۆر بوون، هەروەها چینی جوتیار فراوانترین چینی کۆمەڵگەی عێراقی بوو[2].

دۆخی ناکۆکی چینایەتی نێو کۆمەڵگەی عێراقی، دەرەبەگەکان و بازرگانەکان بە شێوەیەکی ڕادەبەدەر دەوڵەمەند ببوون، چینەکانی دیکەش زۆر هەژار بوون، حکومەتیش بە هۆی ناکۆکیە سیاسییەکانی و دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ بازرگان و دەوڵەمەندەکان، نەیدەتوانی هیچ چارەسەرێك بۆ بارودۆخەکە بدۆزێتەوە. کۆمەڵگەی عێراقی لە ناوخۆیدا هەڵوەشاوە بوو، هیچ هاوکاریەك و ڕێزێکی بۆ یەکتر نەمابوو، بۆیە ئەم دۆخە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە نێوخۆدا دروست کردبوو[3].

لە کوردستانیش دۆخەکە باشتر نەبوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای هۆزایەتی و دێهاتیانە بوون، ئاستی بڵاو بوونەوەی نەخوێندەواری زۆر بەرزبوو، بەتایبەتی لە گوندەکان و نێو ژناندا، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و خوێندن و ڕێگاو بانەکان زۆر خراپ بوون، ئاستی داهاتی تاك زۆر نزم بوو، بۆیە ئازارەکانی گەلی کوردستان زۆر زیاتر بوون لە ناوچەکانیتری عێراق، ئەویش بەهۆی هەڵوێستی جیاکارانەی حکومەتەوە لەبارەی نەتەوایەتییەوە[4].

هەژاری باڵی بەسەر هەموو عێراقدا کێشابوو، بەجۆرێك نرخی یەك کولێرە نان، بە دوو فلس و یەك کیلۆ گۆشت بە بیست و پێنج فلس بوو، هەروەها قوتابی تا قۆناغی ناوەندی دوو دیناری دەدایە حکومەت[5]، هەرچەندە لە ساڵانی دوایی جەنگی دووەمی جیهان (1939-1945) بە هۆی گەشەی پیشەسازی نەوت و دامەزراندنی کۆمەڵێك کارگە و پێشکەوتنی بارزرگانی و بەستنەوەی بە وڵاتانی سەرمایەداری، بەشێك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕان، ئەویش بە هۆی دەرکەوتنی چینی بورجوازی لە شارەکان. ئەم چینە پێکهاتبوون لە بازرگان و خاوەن پیشە دەستییەکان و فەرمانبەر و ڕۆشنبیرەکانی ناو کایەی خوێندن و دەسەڵات[6]. بەهۆی پێشکەوتنی پیشەسازییەوە، چینی کرێکارانیش پەیدا بوون، ئەوانەی لە ڕێگاو بان و پرۆژەکانی ئاودێری و کۆمپانیایی نەوتی عێراقی و هێلی ئاسنین و خورما ڕنین کاریان دەکرد، بەڵام بەهۆی نەخوێندەوارییەوە ئاستی وشیاری چینایەتی و ئابووری و سیاسیان نزم بوو، جگەلە کرێکارانی هێلی ئاسنین نەبێت، سروشتێکی تەواو چینایەتیان هەبوو، دواتریش ڕۆڵێکی گەورەی پێشڕەوانەیان بینی لە خۆپیشاندانەکان بۆ داواکردنی مافەکانیان[7].

---

(1) کمال دیب، موجز تاريخ العراق، بيروت، دار الفارابي، 2013، ص46.

(2) کمال مظهر، حول الاقطاع و دراسة في العراق، المجلد9، اربیل، مطبعة دانشفر، 2022، ص19.

(3) ستيفن همسلي لونكرك، العراق الحديث 1900-1950، ترجمة سليم طه التكريتي، ج2، بيروت، دار الرافدين، 2019، ص174.

(4) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق في محطاته الرئيسية 1946-1993، سەرچاوەی پێشوو، ل116.

(5) نەریمان مصطفی، بیروەرییەکانی ژیانم، بەغدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، 1994، ل49.

(6) حنا بطاطو، *الطبقات الاجتماعية القديمة والحركات الثورية في العراق*، ترجمة سعد الحسني. لندن، دار الحكمة، 2021،ص268.

(7) كمال مظهر، *حول الإقطاع ودراسة في العراق*، المجلد التاسع، أربيل، مطبعة دانشفر، 2022، ص118-119.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان بارودۆخی ئابووری عێراق زۆر خراپ تێکچوو بوو، هەژاری بەجۆرێك بڵاو ببووە لە هەندێك لە ناوچەکان گەیشتبووە ڕادەی برسێتی، لە لایەکیتر بەهۆی بازرگانی گەنم بۆ دەرەوە، کۆمەڵێك دەرەبەگ سودێکی یەکجار زۆریان دەکرد[1]. بەڵام لە سەرەتای ساڵانی پەنجایەکان ئیدی بەهۆی پێشکەوتنی بازرگانی نەوت ئابووری عێراق گەشەسەندنێکی تاڕادەیەك باش بەخۆیەوە دەبینێت، ئەویش بەهۆی گوشاری خەڵك لەسەر حکومەت بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی نەوت بەشی قازانجی عێراق زیاتر بکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی حکومەتی موسەدەق لە مانگی مایسی ساڵی 1951 لە ئێران هەڵسا بە خۆماڵیکردنی نەوت، کۆمپانیایەکان ترسیان لێ نیشت و ناچار بوون ڕازی ببن بە زیادکردنی بەشی عێراق لە قازانج و داهات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکەوتنێك لە نێوان حکومەت و کۆمپانیاکان بەسترا و پەرلەمانی عێراق لە 17 شوباتی 1952ڕەزامەندی لەسەر دا[2].

## تەورەی دووەم

## شیکردنەوەی گوتارەکانی عەبدولکەریم قاسم دەربارەی کورد و کوردستان

### باسی یەکەم

### سیاسەت وهەڵوێستەکانی عەبدولکەریم قاسم

عەبدولکەریم قاسم[3] لەگەڵ ئەو هەڵە ستراتیژیانەی لە ژیانی سیاسی خۆی کردنی، وەك درێژەدانی بەجەنگ لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری کوردی، داواکردنی کوێت وەك بەشێکی دانەبڕوا لە خاکی عێراق[4]، تێکدانی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی[5]، هەروەها لێخۆشبوونی لە 31 ئازار 1962لە هەموو ئەو بەعسیانەی هەوڵی کوشتنیاندا[6] لە 7تشرینی یەکەمی 1959چونکە وەك ئەوانەی دوای خۆی هاتن هەڵگری ڕق و گیانی تۆڵە نەبوو. بۆیە دوژمنەکانی بەهیچ شێوەیەك

[1] تشارلز تريب، المصدر السابق، ص175.

[2] كاظم حبيب، لمحات من عراق القرن العشرين، اربيل، ج2، دار آراس، 2013، ص21.

[3] عەبدولکەریم قاسم لە 21 تشرینی دووەمی ساڵی 1914 لە گەڕەکی ڕەسافە لە بەغدا لە دایك بووە، لە قوتابخانەی سوێرە لە شارۆچکەی سوێرە لە باشووری بەغدا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، وەك مامۆستا لە قوتابخانەی شامیە لە پارێزگای دیوانیە دامەزراوە، لە 1932 پەیوەندی بە کۆلێژی سەربازییەوە کردووە لە ساڵی 1934 بە پلەی ئەفسەر دەرچووە، ساڵی 1950 بەشداری خولێکی سەربازی بووە لە بەریتانیا لە ساڵی 1955 پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ زەعیم، دواتر بۆتە فەرماندەی لیوای بیستی پیادە لە جەلەولا، لە ساڵی 1948 چۆتە ناو ڕیزەکانی ئەفسەرانی ئازاد، لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکان کوتۆتە ژێر کاریگەری هێزی برادەرەکانی لە هەردوو حزبی نیشتمانی دیموکراتی و حزبی شیوعی عێراقی، لەبەرەبەیانی 14 تەموزی 1958 هەڵساوە بە ئەنجامدانی کودەتایەك بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی پاشایی، لە 9شوباتی 1963 لەلایە کودەتا چییە نەتەوەیی و بەعسیەکان کوژراوە. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ژیانییەوە بڕوانە ئەو سەرچاوانە(ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2010، ل162. هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، بغداد، مكتبة المجلة، 2018، ص36-37. صبحي عبدالحميد، اسرارثورة 14 تموز 1958 في العراق، بيروت، دار العربية للموسوعات، 1994، ص191.

[4] جرجيس فتح الله، العراق في عهد قاسم آراء و خواطر1958-1963، السويد، دار نبز، 1989، ص875.

[5] جاسم الحلوائي، محطات مهمة في تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، بغداد، دار ارواد المزدهرة، 2009، ص237.

[6] حامد مصطفى مقصود، ثورة 14 تموزمدارات الاخوة الاعداء، اربيل، مطبعة وزارة التربية، 2002، ص 276.

نەیانتوانی تۆمەتباری بکەن بە گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتن، هیچیشیان لەو باشتر نەهاتوون[1]، قاسم کەسێکی مەزەب گەرایی و خێڵەکی نەبووە، هیچ پاشگرێکی بۆ ناوی خۆی دانەناوە، هیچ خزمێکی لە خۆی کۆنەکرد بووەوە، جگە لە فازڵ عەباس مەهداوی سەرۆکی دادگای باڵای سەربازی تایبەت نەبێت کوڕی پووری بوو، ئەویش بە تێکۆشانی خۆی هاتبوو یەك لەئەفسەرە ئازدیخوازە بووە، بەڵام دادگاکەی لە شێوەی دادگانی تەفیتیش لە ئەسپانیاو دژی موسڵمانەکان و جولەکەکانی ئەندەلوس بوو[2]

لە 14تەموزی 1958 لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەفسەرەکانیتر هەڵسان بە ئەنجامدانی کودەتایەك لەسەر شا فەیسەلی دووەم و ڕژێمەکەی، دوای سەرکەوتنی کودەتایەکەیان، سیستەمی کۆماریان لە جیاتی ڕژێمی پاشایەتی ڕاگەیاند. زۆربەی خەڵکی عێراق پێشوازیان لە کودەتایەکە کرد، سەرانی کودەتا دەستورێکی کاتیان ڕاگەیاند، لە ماددەی سێیەمیدا باسی لە مافی کورد دەکات[3]. بوونی ئەو ماددەیە وایکرد گەلی کورد لە کوردستان پشتگیرییەکی تەواوی ئەو کودەتایە بکەن، پارتی بروسکەی پیرۆزبایی ناردو پشتگیری خۆیان دەربڕی[4]، هەروەها وەفدێکیشیان لە 27 تەموزی 1958 بە ناوی وەفدی کوردستان، بە سەرۆکایەتی برایم ئەحمەد (1914-2000)، ناردە بەغدا بۆ پیرۆزبایی لە عەبدولکەریم قاسم[5].

سەرەتای دەستپێکی کودەتا، گەلێك گۆڕانکاری لە بنیاتی دەوڵەت ئەنجامدران، سیستەمی پاشایەتی گۆڕدرا بۆ کۆماری، هاتنە دەرەوەی عێراق لە پەیمانی بەغداد و ڕێگەدان بە گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، هەرچەندە بڕیاری گەڕاندنەوەی بارزانی، زیاتر بۆ بەرژەوەندی خۆی بوو، قاسم دەیویست پێگەکەی لە ناوخۆی وڵاتدا دژی نەیارەکانی بەهێز بکات و پشتگیری کورد وەدەست بێنێت[6]، هەروەها بەردانی گیراوە سیاسییەکان و ناردنەوەی راگوێزراوان بۆ شوێنی خۆیان، گیراوە ئازاد کراوەکان شێخ ئەحمەدی بارزانی (1892-1969) و شێخ لەتیف (1917-1972) و گۆرانی شاعێر(1904-1962) بوون[7]، هەروەها دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە 30 لە 30 ئەیلول 1958، و ڕێکخستنی یاسای باج و باجی کشتوکاڵ و جێبەجێ کردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ساڵی 1956، پێدانی قەرز بەمەرجی ئاسان بۆ کرێکاران و کرێچییەکان و سەپاندنی چاودێری توند بەسەر نرخی خواردن و ئەو بازرگانانەی بە دوای قازانجی قێزەون بوون[8] .

---

[1] ماريون فاروق سلوغلت و بيتر سلوغلت، من الثورة الى الديكتاتورية منذ 1958، ترجمة مالك النبراسي، بيروت، منشورات الجمل، 2003، ص121-123.

[2] كمال ديب، موجز تاريخ العراق من الثورة العشرين الى الحروب الامريكية و المقاومة و التحرير و قيام الجمهورية الثانية، بيروت، دار الفارابي، 2013، ص64.

[3] (عەرەب و کورد لەو نیشتمانەدا هاوبەشن، ئەمر دەستووره دان بەمافە نەتەوەیەکانیاندا دەنێت، لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا). هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، بغداد، مكتبة المجلة، 2018، ص54.

[4] عبدالفتاح علي البوتاني، التطورات السياسة الداخلية في العراق 14 تموز1958-8 شباط 1963، دهوك، مطبعة خاني، 2007، ص 9.

[5] ممتاز حەیدەری، کورد و حکومەتی قاسم وسەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول، هەولێر، چاپخانەی زانکۆ،2000، ل 34.

[6] عبدالخالق ناصر العامري، البرزاني مصطفى و القضية الكوردية في العراق 1931-1975، بغدادن دار الجواهري، 2017، ص167.

[7] شيرزاد زكريا محمد، مجلس قيادة الثورة في كوردستان – العراق 1964-1970، دهوك، مطبعة جامعة دهوك، 2010، ص23؛ کرێس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕان، حەمە کەریم عارف، هەولێر، چاپخانەی ئۆفێستی شڤان، 2003، ل257.

[8] أوريل دان، العراق في عهد قاسم، ترجمة جرجيس فتح الله، بيروت، دار آراس – دار الجمل، 2012، ص80-81.

بەڵام هەر زوو کێشە و ناکۆکی سیاسی، لە نێوان سەرانی کودەتـا، بەتـایبەتی لە نێـوا قاسـم و جێگـرەکەی عەبدولسـەلام عارف (1921- 1966) بەرپا بوو، دواتر کێشە کەوتە نێوان زۆربەی ئەو ئەفسـەرانەی بانگەشـەی نەتەوەیـی بوونیـان دەکـرد لەلایەك، لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی ئاڕاستەکەیان نیشتمانی و دیموکراتی بوو لەلایەکیتر، بەڵام کێشـەکانیان لە ناوەڕۆکـدا لە سەر دەسەڵات بوو[1].

بۆچوونی یەکێتی نیشتمانی لەلایەن قاسم و حزبی شیوعی سەرکردایەتی دەکـرا، بۆچـوونی نەتەوەپەرسـتەکانیش، لەلایەن حزبی بەعس و عەبدولسەلام عارف سـەرکردایەتی دەکرا و لەلایەن جەمـال عەبـدولناسر(1918- 1970) هاوکـاری دەکـرا[2]. سەرەنجام ئەو کێشە و ناکۆکیانە سەری کێشا بۆ گرتنی عەبدولسـەلام عـارف لە 5 تشـرینی دووەمـی 1958 و بەرپـا کردنـی کودەتایەك بە هاوکاری جەمال عەبدولناسر[3]، بە سەرکردایەتی عەبدالوهاب شەواف ( 1916- 1959) لە 8 ئازار 1959. دواتر هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم لە 7 تشرینی یەکەمـی 1959 لەلایەن بەعسـیەکان، بـارودۆخەکەی ئـاڵۆز کـرد و هـیچ هیوایەك بۆ پێکەوەبوونی ئەو دوو ئاڕاستەیە نەمایەوە[4].

گەلی کورد لە هەموو ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی عەبدولکەریم قاسم و دەسەڵاتەکەی بوونەوە، پشتگیریان کرد، بەتایبەتی لە سەرکوتکردنی کودەتایەکەی شەواف پارتی ڕۆڵی سـەرەکی بینـی[5]. بەڵام ئەو پشـتگیریەو دۆسـتایەتییەی نێـوان کـورد و قاسـم وەك خـۆی نەمـایەوە و بەردەوام نەبـوو. ئەویـش دوای ئەوەی پـارتی داوای جێبەجێکردنـی مـادەی سـێیەمی[6] دەستووری کاتی دەکرد و ڕایگەیاند دەبێت مافەکانی گەلی کورد لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا جێبەجێ بکرێت، هەروەها داوای دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانی بۆ هەموو عێراق کرد[7]، چونکە تا ئەو کـاتە کـورد هەر چـاوەڕوانی جێبەجێ کردنی ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی دەکرد، وەك دیار بوو ئاسۆی کارپێکردنی ئەو مـاددە دەسـتووریە نادیـار بوو.

لەکاتێکدا پارتی لە سەرەتای مـانگی ئایـار خەریکـی بەسـتنی کـۆنگرەی پێنجەمینـی خـۆی بـوو، بە مەبەسـتی هەمـواری هەندێك لەو ماددانەی بوونە، جێگەی تێبینی لای حکومەت، بۆئەوەی مۆڵەتی فەرمـی پێبـدرێت، ڕێـك لەوکـاتەدا قاسـم پێشوازی لە کۆمەڵێك سەرۆك هۆزە کوردییەکان کرد، بە نەیارانی شۆڕشەکانی بارزان نـاسرا بـوون، ئەو کـارەی قاسـم لەو کـاتەدا لەلایەن پـارتی و بـارزانی بە جۆرێـك لە سـوکایەتی لێکـدرایەوە، چـونکە ئەو سـەرۆك هـۆزانە پێشـتر چەکیـان بـۆ

---

[1] عبدالخالق حسين، ثورة و زعيم دراسة في ثـورة 14 تموزالعراقيـة و عبـدالكريم قاسـم، دمشـق، دار الحصـاد، 2003، ص16.

[2] عبدالمنعم شكر النداوي، صالح مهدي عماش صفحات من سيرته السياسية و العسكرية و الدبلوماسية، بـيروت، مكتبـة النهضة العربية، 2021، ص44.

[3] جمال مصطفى مردان، عبدالناصر و العراق، بغداد، الدار العربية، 1990، ص 123.

[4] هادي حسن عليوي، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، المصدر السابق، ص141.

[5] عبدالخالق ناصر العامري، البرزاني مصطفى و القضية الكوردية 1931- 1975، المصدر السـابق، ص174؛ حبيـب محمـد كريم، تاريخ الحـزب الـديمقراطى الكوردسـتاني في محطاتـه الرئيسـية 1946-1993، المصـدر السـابق، ص 59؛ اسـماعيل عارف، اسرار ثورة 14 تموزو تأسيس الجمهورية في العراق، لندن، منشورات الماجد، 1986، ص 382.

[6] (قەوارەی عێراقـی لەسـەر بنەمـای هاوکـاری نێـوان هەمـوو هاوڵاتییەکـانی دانـراوە، ڕێزنـان لە مافەکانیـان و پاراسـتنی ئازادییەکانیان، عەرەب و کورد هاوبەشن لەو وڵاتەدا، ئەمر دەستوورە دان بەمافە نەتەواتییەکانیاندا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا). عبدالفتاح علي البوتاني، التطورات السياسية الداخلية في العراق، المصدرالسابق، ص69.

[7] جلال الطالباني، كردستان و الحركة القومية الكردية، بيروت، دار الطليعة، 1969، ص287.

بەرژەوەندی حکومەتی عێراقی هەڵگرتبوو. دەکرێ ئەمە بە سەرتای تێکچوونی پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و عەبدولکەریم قاسم دابنێین[1]، لەوکاتەوە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندییەکانیان زیاتر تێك دەچوون.

دوای ئەمەش هێرشی ڕۆژنامەکانی هەردوولا دژ بەیەکتر بەردەوام بوون، ڕۆژنامەی خەبات داوای کۆتایی هاتنی حوکمی عورفی و قۆناغی نائاسایی و هەڵبژاردنی ئازادی دەکرد، هەروەها هێرشی کردە سەر ماددەی دووەمی دەستووری کاتی، عێراقی بە بەشێکی دانەبڕاو لە نەتەوەو نیشتمانی عەرەبی دانابوو، لەگەڵ گیانی ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی دژبەیەکتر بوون. قاسم ڕۆژنامەی خەباتی داخست و دەستی بە گرتن و ڕاوونانی ئەندامانی پارتی کرد، تا کار گەیشتە سەر ئەوەی لە تەمووزی 1961، قاسم هێزی چەکداری کۆکردەوەو هێرشی کردە سەر گردبوونەوەیەکی چەکداری نارەزایانەی خێڵەکی لە هەردوو ناوچەی بازیان و خەلەکان، ئەو گردبوونەوەیە زیاتر بە هاندانی ئاغاو درەبەگەکان بوو لە دژی باجی زەوی و یاسای چاکسازی کشتووکاڵ[2].

دوای ئەو پێشهاتە مەترسیدارانەی نێوان کورد و قاسم، مەکتەبی سیاسی پارتی، یاداشتێکی لە 20 تەموزی 1961 بۆ عەبقاسم نارد چەندین خاڵی لە خۆ گرتبوو[3] هەموویان باس لە کۆمەڵێك پێشێل کاری دەکەن لەسەر مافەکانی هاوڵاتیانی کورد.

دوای ئەم یاداشتە مەکتەبی سیاسی پارتی داوای لە قاسم کرد، بۆئەوەی بارودۆخەکە لە گرێژنە دەرنەچێت و ئەو دەرفەتەی هاتۆتە پێش بۆ گەلی عێراق بە عەرەب و کوردەوە لە دەست نەچێت، هەندێك داواکاری پێشکەش بە حکومەت کردن بۆئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان وەك: گەڕاندنەوەی ئەو هێزە چەکدارانەی دوای ناردنیان بۆهەندێك ناوچەی کوردستان بۆ شوێنەکانی پێشوویان، کشانەوەی ئەو بەرپرسە کارگێڕیانەی ڕۆڵی دوژمنکارانەیان هەبوو بەرانبەر کورد، جێبەجێ کردنی تەواوی ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی. لە کۆتایی نامەکەدا نووسرا بوو بژی یەکێتی ڕاستەقینەی عێراق، بژی کۆماری عێراقی کۆماری عەرەب و کورد، بژی برایەتی عەرەب و کورد بۆ هەمیشە، سەرشۆڕی و شەرمەزاری بۆ ئیستعمارو کلکەکانی[4]. ئەو یاداشت و داواکاریانەی مەکتەبی سیاسی پارتی، لەلایەن قاسم وەڵام نەدرانەوەو فەرامۆش کران، ئیدی بواری هیچ گفتووگۆو پێکەوە بوونێك، لە نێوان هەردووکیاندا نەمایەوەو بارودۆخەکە بەرەو تەقینەوەی چەکداری ڕۆیشت[5].

قاسم لە سەرەتای دەسەڵاتەکەیدا سەرکردەیەکی "نیشتمانی عێراقی" بوو[6]، دوور لە دەمارگیری نەتەوایەتی، پارتی و حزبی شیوعی و چەند لایەنێکیتری سیاسی، لەم دیدگایەدا لەگەڵی هاوبەش بوون، بەڵام لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیەدا جیاوازیان هەبوو. دیدگای قاسم بۆ دروستکردنی یەکێتی نیشتمانی عێراق ئەوەبوو، دەبێت کورد وەك نەتەوەیەك خاوەنی هیچ سیما وتایبەتمەندییە سیاسییەکانی خۆی نەبێت.

---

(1) عبدالفتاح علي البوتاني، التطورات السياسية الداخلية في العراق، المصدر السابق، ص292.

(2) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەولێر، بەرگی3، چاپخانەی پەروەردە، 2004، ل 34.

(3) یاداشتی پارتی لە20 تەموزی 1961. -سەرکردنی ماددەی سێیەم لە دەستوور بەتەواوی، سەرکردنی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، بێبەشکردنی قوتابی کورد لە خوێندن بەزمانی خۆی لە هەردوو قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی، فەرامۆشکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی لە فەرمانگە حکومیەکان لە لیوا کوردییەکان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (جلال طالباني، حركة القومية الكوردية، المصدر السابق، ص289-292؛ مسعود بارزاني، بارزانی و بزووتنەوەی کورد، ل277).

(4) جلال الطالباني، كردستان و الحركة القومية الكردية، المصدر نفسه، ص294-296.

(5) قابل محسن الركابي، الحياة الحزبية في العراق 1958-1968، بغداد، دار و مكتبة عدنان، 2021، ص242.

(6) جمال مصطفى مردان، عبدالكريم قاسم البداية و السقوط، بغداد، دار العربية، 1989، ص123.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

## باسی دووەم

## شیکردنەوەی گوتارەکانی قاسم

عەبدولکەریم قاسم لە 23 ئازاری ساڵی 1959 لە ئاهەنگی کۆلیژی زانست کوردەکان بەبۆنەی جەژنی نەورۆز ڕێکیان خستبوو ئامادە بوو، لە گوتارێکیدا بەو بۆنەیەوە گووتی: (ئەمڕۆ خۆشحاڵم بە ئامادە بوونم لەو ئاهەنگە، جەژنی نەتەوەیی برایانی کوردمانە، ئەویش جەژنی بەهار[1] و جەژنی ژیانە، جەژنی ئازادیە، خەباتێکی زۆرمان لە پێناویدا کرد، تا بەهێز وەدەستمان هێنا[2]) قاسم لەم دەربڕینەیدا مەبەستی ئەوە نییە، دژایەتی نەورۆز بکات، بەڵام ڕستەکەی تەژییە لە دژبەری لەلایەك دەڵێت: "جەژنی نەتەوەیی برایانی کوردە، لەلایەکی تر هەر لەو ڕستەیدا دەڵێت: جەژنی بەهارو ژیانە" بە جەژنی نەورۆز ناوی نابات، لەکاتێکدا لەسەردەمی پاشایەتی بە شێوەیەکی ئاشکرا، دوای ڕاپەڕینی کانوون 1948، ڕێگەیان بە کورد دا، ئاهەنگی نەورۆز بگێڕن، لە 19 ئازار 1948 لە یانەی جەواهیری لە بەغداو لە 21 ئازاریش 1948 لە باخچەی هۆڵی شا فەیسەلی دووەم کوردەکان یادی نەورۆزیان کردەوە[3]. قاسم پێیوابوو نەورۆز هۆکارێکە بۆ جیاوازی نەتەوەیی و لێکدابڕان لەگەڵ نەتەوەیی عەرەبی دروست دەکات.

لە گوتارێکیدا بۆ گۆنگرەی پارێزەرانی عەرەب لە هۆڵی گەل لە بەغدا لە 26 تشرینی دووەمی 1958باسی دانانی دەستووری کاتی کرد و گووتی: ( بەڕێزان ماددەی دووەم جەخت لەسەر بوونی عێراق وەك بەشێك لە نەتەوەیی عەرەب دەکاتەوە، ئەو ئەستێرە شەش لایەی لە دروشمی دەوڵەتیشدا چەسپاندوومانە مانای داناپێدانان و جەخت کردنەوەی ئێمەیە، عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب[4]).

کاتێکیش ڕۆژنامەی خەبات لە دژی ئەو ماددەیە هاتە دەنگ و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددەیەی کرد، بە توندی ڕووبەڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو فەرمانی گرتنی بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەرکرد و ڕۆژنامەکەشی بە تۆمەتی نانەوەی ئاژاوە لە کۆتایی ئازار 1961 داخست[5].

دەرچوونی یاسای کۆمەڵەکان، بە فەرمی ڕێگەی بەگەڕانەوەی ژیانی حزبایەتیدا[6]، پارتییش داوای مۆڵەتی کارکردنی کرد، سەرەتا وەزارەتی ناوخۆ داواکەی ڕەتکردەوە، بە بیانووی ئەوەی چەند تێبینییەکان لەسەر بەرنامەکەی هەیە، پێویستە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بەتایبەتی ماددەکانی 6 و 23 تێیاندا هاتبوو:(کارکردن لەسەر فراوانکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا و چەسپاندنی لە دەستووری هەمیشەییدا) حکومەت سوور بوو لەسەر لابردنی وشەی ئۆتۆنۆمی و کوردستان لە بەرنامەی حزب، هەروەها ماددەی 23 (پارتی پاڵپشتی خەباتی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکات، بۆ ڕزگاربوون لە ژێرستەمی ئیستعمارو کۆنەپەرستاندا) وەزارەتی ناوخۆ ئەمەشی ڕەتکردەوە، هەروەها ئەو ماددەیەشی ڕەتکردەوە دەڵێت: ( پارتی لە خەباتی سیاسی و شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سوود لە تیۆری مارکسی - لینینی وەردەگرێت)، لابردنی ئەو سێ ماددەیەی کردە مەرجی پێش وەختی

---

[1] لە 28 ئاب ئەنجومەنی سەروەری یاسای ژمارە 21 بۆ ساڵی 1958 دەرکرد، بەیاسی پشووە فەرمیەکان ناسراوە، لە نێو پشووەکاندا نەورۆزی بە جەژنی بەهار داناوە. نوري عبدالحميد العاني وآخرون، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري14 تموز 1958-7 شباط 1959، المصدر السابق، ص198.

[2] ماجد شبر، خطب الزعيم عبدالكريم قاسم 1958- 1959، لندن، دار الورق، 2007، ص 115.

[3] احمد صابر الجمور، النشاط السياسي الكردي في بغداد 1921-1958، بغداد، دار قناديل، 2023، ص297-298.

[4] ماجد شبر، خطب الزعيم عبدالكريم قاسم 1958- 1959، المصدر نفسه، ل78.

[5] اوريل دان، العراق في عهد قاسم، المصدر السابق، ص 432.

[6] عبدالفتاح علي البوتاني، التطورات السياسية الداخلية في العراق، المصدر السابق، ص262.

پێدانی مۆڵەتی کارکردنی، پارتیش لە پێناوی تێکنەچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ قاسم، ئەو گۆڕانکارییەی لە بەرنامەکەیدا قبوڵ کرد، بەڵام بارزانی بەهیچ شێوەیەك لەسەر لابردنی وشەی کوردستان ڕازی نەبوو[1].

لە کاتێکدا قاسم بە پارە و چەك هاوکاری شۆڕشی جەزائیرو فەڵەستین و یەمەنی دەکرد، هەروەها خولەکانی سەربازی و ئەرکان دەرگای بۆ هاووڵاتیانی عەرەب کراوە بوو، لە گوتارێکی بۆ ئاهەنگی دەرچوانی خولی 24 ئەرکان لە 14 حوزەیرانی 1959 باسی کرد و گووتی: ( ئەمڕۆ دڵخۆشم لە نێو دەرچواندا دوو ئەفسەری سوپای لیبی دەبینم، هیوادارم وڵاتانی عەرەبی زۆرتر ئەفسەرانیان بنێرن بۆ خولەکان و دەرگامان کراوەیە) هەر لە هەمان گوتاردا گووتی: (برایانی جەزائیریتان بە چەکەکانی ئێوە دەجەنگن، هەموو هەفتەیەك یان دوو هەفتە چەند فڕۆکەیەك چەکیان بۆ دەنێرین[2]).

ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی، لەبارەی هاوبەشی عەرەب و کورد لە عێراق و چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا کورد زۆر دڵی پێخۆشکردبوو، بە سەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی خۆی دانابوو، جگە لە ماددەیەکی "لاستیکی[3]" بێگیان هیچیتر نەبوو، دواتریش دەرکەوت کاتێ کورد داوای جێبەجێ کردنی کرد، بە ئاگر و ئاسن وەڵامدرایەوە.

عەبدولکەریم قاسم لە کۆنگرەی پارێزەرانی عەرەب لە بەغدا لە 26 تشرینی دووەمی 1958 لەبارەی دانانی ئەو ماددەیەوە دەڵێت: ( بەڕێزان دەمەوێت هۆکاری دانانی ئەو ماددەیەتان بۆ ڕوون بکەمەوە، لە دەدستوورەکەماندا جەختمان لەسەر کردۆتەوە، داگیرکەران ویستیان لە وڵاتی ئێمەدا، کەلێنێك بدۆزنەوە بۆ چوونە ژوورەوە و دروستکردنی ناکۆکی لە نێو ڕیزەکانیدا، ئێمە هەزاران ساڵە پێکەوە دەژین، برایانمان لە باکوور هاتنە لام، ئەو نەخشەو بڕە پارەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنان، ئیستعمار بەسەریاندا دابەشی کردبوون، لە پێناوی دابەش کردنی نیشتمان و دابەش کردنی ڕۆڵەکانی گەل[4]) . بەڵام قاسم هیچ بەڵگەیەکی نەخستەڕوو بۆ سەلماندنی قسەکانی، ئەو قسانەی لە 26 تشرینی دووەمی1958 کردووە، تەنها مانگێك و بیست ڕۆژە مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوەو هەموو جۆرە یارمەتیدانێکی خۆی و حزبەکەشی بۆ پشتگیری عەبدولکەریم قاسم دەربڕیووە[5].

کورد پاڵپشتی قاسم بوون وە تا ئەو مێژووە هیچ کێشەیەك لەگەڵ حکومەتەکەی ڕووینەداوە. ئەی چۆن پارەو نەخشەیان لە ئیستعمار وەرگرتووە بۆ دژایەتی کردنی عێراق ؟ "لەکاتێکدا هەموو کوردە نەتەوەییەکان بە جۆش و خرۆشەوە لەگەڵ زۆربەی سەرۆك هۆزەکان پێشوازیان لەو کودەتایە کردووە، یان لانی کەم هەڵوێستێکی دۆستانەیان هەبووە[6]". ئەو قسانەی قاسم جێگەی گومانن. چونکە هەموو چاپەمەنیەکانی کوردی دوای کودەتا، بەرگریان لە کۆماری نوێی عێراق دەکرد[7]، گریمان ئەو هۆکارەی ئەو باسی دەکات بۆ دانانی ماددەی سێیەم ڕاست بێت، کەواتە دەری دەخات ئەو ماددەیەیان لە ترسی ئیستعمار داناوە، بۆ ئەوەی دەست نەخاتە نێو کاروباری عێراق، نەك لە باوەڕبوونیان بە مافەکانی کورد. جێبەجێ نەکردنی ماددەکەش و مانەوەی لەسەر کاغەر وەك خۆی تا کۆتایی دەسەڵاتەکەی، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت تەنها بۆ هێورکردنەوەی کورد و ڕاکێشانی سۆزو و پاڵپشتی کردنی خۆیان بووە.

---

[1] قابل محسن الركابي، الحياة الحزبية في العراق 1958-1968، المصدرالسابق، ص151.

[2] ماجد شبر، خطب الزعيم عبدالكريم قاسم 1958-1959، المصدر السابق، ص170-172.

[3] اوريل دان، العراق فی عهد قاسم، المصدر السابق، ص182.

[4] صالح عباس ناصرالطائي، الاوضاع العامة في العراق 1958-1963من خلال جريدة الثورة البغدادية، بابل، دار الفرات، 2018، ص65.

[5] اسماعيل عارف، اسرار الثورة 14تموز 1958 العراقية،المصدر السابق، ص174.

[6] اوريل دان، العراق فی عهد قاسم، المصدر نفسه، ص181.

[7] کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل258.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

قاسم هیج جارێك له گوتارەكانیدا ناوی كوردستانی نەهێناوە، بەڵام كێشەی لەگەڵ ناوی كورد نەبووە، هەمیشە باكووری لە جیاتی ناوی كوردستان بەكارهێناوە. هەرچەندە قاسم دوژمنی كورد نەبووە وەك گەل، ئەو دەیویست كورد مافی هاووڵاتیبوونی هەبێت، لەگەڵ ناسنامە ڕۆشنبیریەكەی، نەك مافە سیاسییەكانی. بۆیە دەبینین كاتێك قاسم ناوی بارزانی دێنێت بەهاوڵاتی ناوی دەبات، نەك وەك سەركردەیەكی سیاسی. قاسم لەم بارەیەوە لە گوتارێكیدا بۆ نوێنەرانی قوتابیانی كوردستانی عێراق، بە سەرۆكایەتی جەلال تاڵەبانی، لەگەڵ وەفدێك لە كوردانی هەرێمی باكور لە كۆماری یەكگرتووی عەرەبی دەڵێت: (من وەك كەسێك دڵگران دەبم كاتێ دەبینم تاكێك لە تاكەكانی ئەو وڵاتە، لە دەرەوە ئاوارە دەبێت، وەك برای هاوڵاتی مەلا مستەفا، ماوەیەكی كەم نییە، دوورە لە وڵات و كەس و كارەكەی، بەهۆی پیلانگێڕی بێگانەكان[1]).

لە كاتێكدا مەلا مستەفا بارزانی سەرۆكی پارتی بوو، دوو بزاڤی چەكداری لەسەردەمی پاشایەتی هەڵگیرساندوون، وێڕای ئەمەش ئاوارەبوونی لە دەرەوەی وڵاتدا لە پێناوی چارەسەری كێشەیەكی سیاسی بوو، بۆیە بارزانی وەك هاووڵاتیەك ئاوارەی دەرەوە نەبووە، بەڵكو وەك سەركردەیەكی سیاسی و سەربازی ئاوارەی دەرەوە بووە. دەكرێت بڵێین: مەبەستی قاسم لە پیلانگێڕی بێگانەكان ئەوەبووە، بزاڤ و شۆڕشە كوردییەكانی سەرەتایساڵانی سیی و چلەكانی سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا بەرپا كراون بە هۆی پیلانگێڕی بێگانەوە كراون، بەكارهێنانی وشەی هاوڵاتی بۆ مەلا مستەفا بارزانی، مەبەستی ئەوە بووە مەسەلەی كورد وەك كێشەیەكی سیاسی پیشان نەدات، بەڵكو وەك كێشەیەكی دروستكراوی بێگانەكان بیناسێنێت.

دوای ئەوەی بارزانی لە 6 تشرینی دووەم1958 گەیشتەوە بەغدا، باڵوێزی بەریتانیا مایكل ڕایت لە بەغدا، ڕاپۆرتێك بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەكەی دەنێرێت و تیایدا نووسیوە ( دوێنێ ئێوارە 6 تشرینی یەكەم مەلا مستەفا بارزانی گەیشتەوە عێراق، دوای ئەوەی لە قاهیرە سەردانی جەمال عەبدولناسر(1918-1970) كرد، جەماوەرێكی زۆر بۆ پێشوازی كردنی هاتبوونە فڕۆكەخانە، ئەوەی ڕوونە زۆر لە عێراقییەكان بە ئاگاییەوە دەڕواننە بڕیاری گەڕانەوەی، پێیانوایە بڕیارەكەی وەزیری دەرەوە كارێكی باش نەبووە، بۆیە دووبارە خاوەنی داوای كوردستانی سەربەخۆ و خاوەنی پەیوەندی تۆكمە لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەت دەركەوتەوە، هەرچەندە مەلا مستەفا چەندین بەڵێنی هەنگوینی داون بە گەرەنتی لایەنگیری كردنی بۆ یەكێتی عەرەب و كورد لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام زۆرێك لە خەڵك ئەمەی والێكدەدەنەوە، هاندانێكی ڕاستەوخۆیە بۆ حزبی شیوعی[2])، ڕاپۆرتەكەی ڕایت نیشانەی نیگەرانی بەریتانیایە لە گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق.

قاسم لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا لە 23 ئەیلوول 1961، بارزانی و شۆڕشەكەی بە كرێگرتەو هاوكاری ئیستعماری بەریتانیا تاوانباركرد و گووتی: (بەریتانییەكان و ئەمریكییەكان بەكرێگیراوەكانیان جوڵە پێكردووەو ئەوان لە پشت ئەو خائین و یاخی و داواكاری جیابوونەوەی باكوورن، ئێمە بەڵگەمان لەدەستە دەیسەلمێنن، مەلا مستەفا بارزانی كاری كردووە بۆ بەرژەوەندی ئاغاكانی ئیستعماری بەریتانی[3]). ئەو كۆنگرە ڕۆژنامەوانیە دوای تێكچوونی پەیوەندییەكانی نێوان بارزانی و قاسمە، دواتر سەری كێشا بۆ شەڕی چەكداری لە نێوان هەردوو لا، هەرچەندە مەلا مستەفا، لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی چەكداریدا نەبووە لەو كاتەدا[4]، بەڵام عەبدولكەریم قاسم شەڕەكەی بەسەردا سەپاند.

یەك لەو كەسانەی هەوڵی ناوبژیوانیدا، شێخ احمد بارزانی بوو، بۆ مەبەستی ئاشتی چووە كەركوك، لای فەرمانداەی تیپی دوو، داوای بینینی عەبدولكەریم قاسمی كرد، بەڵام داوا و مەبەستەكەی شێخ ئەحمەد بارزانی لە لایەن حكومەتەوە زۆر

---

[1] هادی جواد محمد الطائي، ثورة و زعيم انجازات و مشاريع، بغداد، مطبعة الارشاد، 2016، ص53.

[2] نوري عبدالحميد العاني وآخرون، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ، المصدر السابق، ص208.

[3] صالح عباس ناصرالطائي، الاوضاع العامة في العراق 1958-1963من خلال جريدة الثورة الغدادية، المصدر السابق، ص188.

[4] مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، سەرچاوەی پێشوو، ل32.

بە خراب لێکدرایەوە، ڕۆژنامەی سەورەی زمان حاڵی قاسم، هەواڵەکەی لە 4 تشرینی یەکەم 1961 بەو شێوەیە بڵاو کردەوە: (ئەحمەد بارزانی دوێنێ خۆی ڕادەستی فەرماندەی تیپی دوو لە کەرکوك کردووە، داوای بەزیی کردووە بۆ ئەوەی بیگوازنەوە بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتنی زەعیم عەبدولکەریم قاسم، بەڵام جەنابی زەعیم ڕەتی کردەوە چاوی بەو یاخی بووە بکەوێت، فەرمانیدا بە گەڕاندنەوەی بۆ ناوچەکەی، تا هەڵسێت بە کۆکردنەوەی هەموو کەل و پەلە تاڵانکراوەکان و ڕادەستکردنیان بە دەسەڵاتی فەرمی، دواتر برا یاخی بووەکەی مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ خۆی بێنێت و پێکەوە خۆیان ڕادەست بکەن، ئێستا ناوبراویان گەڕاندۆتەوە بۆ ناوچەی بارزان بۆ جێبەجێ کردنی ئەوفەرمانە[1])، لەبەرانبەر ئەو ڕاگەیاندنەدا مەلا مستەفا بارزانی، جەختی کردەوە ئەو داوای لێبووردنی لە قاسم نەکردووە و پێویستیشم بە لێبووردن نییە، تا لەتوانامدا بێت بەرگری دەکەم[2].

ئەم جۆرە مامەڵەیە و شێوازی داڕشتنی هەواڵەکەی ڕۆژنامەی سەورە بەو شێوەیە، هەموو دەرگاکانی ئاشتی داخستن، شەڕی چەکداری بەردەوام بوو، قاسم لەو بڕوایەدا بوو هەمووی چەند ڕۆژێکەو ناچاردەبن خۆیان بەدەستەوە بدەن، بۆیە بە هیچ جۆرە چارەسەرێکی ئاشتیانەی نێوان حکومەت و شۆڕشی کوردی ڕازی نەدەبوو. قاسم لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەیدا لە 23 ایلول1961 ڕایگەیاند یاخیبوونەکەی لە ماوەی 7 ڕۆژ کۆتایی پێهێنا نەك سێ ساڵ، هەروەها گووتی: ئەو بزووتنەوە یاخیگەرییە بەهاوکاری ئیستعماری بەریتانیا کراوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە باڵوێزخانەی ئینگلیزەوە نیو ملیۆن دیناریان وەرگرتووە، قاسم درێژەی پێداو ئەوەی پێشتر لە دڵیشیدا بوو یان نەی وتبوو لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەدا هەڵی ڕشت، هاتە سەر شۆڕشەکانی بارزان و هەمووی بە پلان و هاندانی ئینگلیز دانا و کۆمەڵێك نامەی نێوان بارزانی و ئینگلیزی خستنەڕوو لە ساڵی 1945، گوایە ئەو بزووتنەوەیە بە هاوکاری ئینگلیز کراوە، بۆ خەریك کردنی سوپای عێراقی بۆ ئەوەی دژی ئینگلیز ڕانەپەڕێت تا جەنگی جیهانی کۆتایی دێت، هەروەها گووتی: ئینگلیز دژی حکومەتی پێشوو نەبوو، بەڵام دژی سوپا و گەلی عێراق بوو. هەروەها توونی قسەکانی تا دەهات توندتر دەبوون، بۆیە گووتی: سەرکەوتنمان بەسەر ئەو یاخیگەرییە، وەك سەرکەوتنمانە لە شۆڕشی 14 تەموز، ئیستعمار هەوڵی دەدا بەهۆی ئەو بزووتنەوە ترسناکە، وڵات دابەش بکات و سەربەخۆییان بداتێ، وەك چۆن سەربەخۆیی دایە کوێت[3]. هەروەها پێشتریش لەزستانی 1960 گووتی: هەموو ئەو شۆڕشانەی لە عێراق بەر لە ساڵی 1958 بەرپا کراون بەقسە و هاندانی ئیستعمار بوونە، جگە لە شۆڕشەکانی 1920و 1936 و 1941 نەبێت[4].

لێرەدا قاسم هەرچەندە ناوی کورد ناهێنێت، بەڵام دیارە مەبەستی بزووتنەوەکانی بارزانییە، ئەو قسانەی لێدان وسڕینەوەی هەموو هەوڵ و خەباتی کوردە بۆ ڕزگاربوون لە ئیستعمار، لە کاتێکدا بزووتنەوە عەرەبییەکان بە شۆڕش دادەنێت، یەك لەو بزووتنەوانەی ناوی دێنێت ڕاپەڕینی هۆزەکانی ناوچەی فوراتی ناوەندە لە 1936، خۆی یەکێك بووە لەبەشدارانی دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینەوەو مەدالیای ئازایەتیشی لە حکومەت وەرگرتووە[5]. هەروەها پێش ئەو مێژووەش هەر لە دوای مانگی مایسی ساڵی 1960 هەردوو ڕۆژنامەی سەورەو و بەغداد، کەوتنە هێرش و پەلاماردانی مێژووی نەتەوەی کورد، لەبەرانبەریشدا هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و سەوت ئەلئەکراد وەڵامیان دەدایەوە، ڕۆژنامەی سەورە لە ژمارە 19 لە 22 ئاب 1960دا دەڵێت: "زۆربەی هۆزەکانی کورد، بەڕەسەن عەرەبن[6]".

---

[1] صالح عباس ناصر الطائی، المصدر نفسه، ص189.

[2] مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەمان سەرچاوە، ل40.

[3] احمد فوزي، قاسم و الاكراد خناجر و الجبال، قاهرة، 1960، ص190-193.

[4] عبدالفتاح على البوتاني، التطورات السياسية، المصدر السابق، ص292.

[5] رضا سعد و راشد التميمي، عبدالكريم قاسم بطل ام ديكتاتور، ص17، قناة و مكتبة و ارشيف الزعيم عبدالكريم قاسم في التلغرام. https://www.noor-book.com/.

[6] عەبدوڵڵا زەنگەنە، دەنگی گەل، هەولێر، چاپخانەی ڕۆکسانا، 2022، ل170.

فواد عارف[1] ( 1913-2010) دەڵێت: (تاوانبارکردنی بارزانی بە بەجێبەجی نەکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵ لە جێی خۆی نەبوو، چونکە مەلا مستەفا وەك خۆی بە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە هیچ زیانێکی نەدەکرد، لەبەرئەوەی خۆی دەرەبەگ نەبوو، سەرکردایەتییەکەشی لەسەر بنەمای خاوەندارییەتی زەوی نەبووە، هەروەها تاوانبارکردنی بە هاوکاری ئیستعماری بەریتانی دۆزینەوەی پاساوێك بوو، بۆ لێدانی بزووتنەوەی کوردی، چونکە نەیدەتوانی بەرگەی بوونی کەسێك، یان قەواریەك بگرێت، کاریگەری لە ناوچەیەك لە ناوچەکانی عێراقدا هەبێت[2].

ئەو جەنگ و لێدانەی ناوچە کوردییەکان بووە هۆی نەمانی پەیوەندی و متمانە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و عەبدولکەریم قاسم. بەو هەنگاوەی لە دژی کورد و بارزانی خۆی بەتەواوی خستە ناو تەڵەی نەتەوەییەکانی نێو عێراق و وڵاتانی تری عەرەبی، چونکە قاسم بە بیانووی دروستکردنی یەکێتی نیشتمانی سیاسەتی پارچە پارچەبوون و دابەشبوونی پیادە دەکرد[3]، خۆی لە پڕۆژەی یەکێتی وڵاتانی عەرەبی دوور دەخستەوە، نەتەوەپەرستەکانیش بە شعوبی تاوانباریان دەکرد[4].

لە کۆتاییەکانی 1961 حزبی شیوعی هەڵوێستی خۆی دەربارەی بزاڤی چەکداری کوردستان و چارەسەری کێشەی کورد[5]، لە چەند خاڵێکدا دیار کرد وەك: (گەلی کورد لە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی کورد لە کوردستان، ئیستعمار کوردستانی دابەش کردووە، کارکردن بۆ گەرەنتی سەربەخۆی بۆ کوردستانی عێراق لەسەر بنەمای یەکێتی خوازیاری) لەو کاتەدا بۆ کورد و شۆڕشەکەی گرنگ بوون[6].

دوای ئەو هەڵوێستەی ئەرێنییەی حزبی شیوعی، لەلایەن حکومەتەوە زیاتر هێرشی کرایە سەر، ڕۆژنامەکانی نزیك لە قاسم وەك ڕۆژنامەی (فەجری جەدید)، لەژمارەی 505 ڕۆژی 25 ایلول1961 لە وتارێکیدا لە ژێر ناونیشانی (ئامانجی هاوکاری نێوان وڵاتانی ئیستعماری و ئاژاواچییەکان)، دەڵێت:" ئێمە و بە چەشنە ئاژاوەچییانە" دەڵێین: "یاخیگەریەکەی مەلای کرێگرتەی ئیستعمار، هیچ پەیوەندی بە دیموکراتی و ئەو کارانەوە نییە، بڵاو کراوەکانی حزبی شیوعی نهێنی بڵاوی دەکەنەوە، ئەو یاخیبوونە ناپاکی نیشتمانییە، بەڵام حزبی ناوبراو بەردەوام بڵاو کراوەی بەرگری کردن لە یاخیبوونەکەی مەلا مستەفای ئیستعماری بڵاو دەکاتەوە[7]" .

حزبی شیوعی لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردستان، هەڵوێستێکی نەرێنی هەبوو، سەرکردەکانی شۆڕشی کوردی بە کۆمەڵێك ئاغاو گومانلێکراوی ئیستعمارو درەبەگ دەناساند دژی دەسەڵاتی نیشتمانی لە عێراقدا، بەڵام دوای ئەوەی

---

[1] کەسایەتیەکی سیاسی و کارگێڕی کوردی عێراقیە، لە ساڵی 1913 لە سلێمانی لە دایك بووە، لە ساڵی 1928 لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە دواتر بۆتە یاوەری شاغازی، لە دوای کودەتای 14 تەموز ماوەیەك بۆتە پارێزگاری کەربەلا، دواتر بۆتە وەزیرو لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفیش بۆتە وەزیر، لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارفی براشی ماوەیەك بۆتە جێگری سەرۆك وەزیران، لە ساڵی 2010کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتربڕوانە( مذکرات فؤاد عارف، کمال مظهراحمد، المصدر السابق، ص17-20).

[2] نوری عبدالحمید العاني وآخرون، تاریخ الوزارات في عهد الجمهوري، المصدر السابق، ص145.

[3] عبدالرحمن البزاز، نظرات في التربیة و الاجتماع و القومیة مع مقدمة ضافیة في النکسة و عبرها، بغداد، مطبعة العاني، 1967، ص184.

[4] محمود الدرة، القضیة الکردیة، بیروت، دار الطلیعة، 1966، ص279.

[5] نوری عبدالحمید العاني وآخرون، تاریخ الوزارات في عهد الجمهوري، المصدر نفسه،ص154؛ جلال الطالباني، الحرکة القومیة، المصدر السابق ، ص336-338.

[6] نەجمەدین مامۆ هەریری، بیرەوەریەکانم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2009، ل222.

[7] احمد فوزي، قاسم و الاکراد، المصدر السابق، ص 256.

قاسم کەوتە دژایەتیان و لێکترازانی لە نێوان ڕیزەکانی دروستکرد، ئینجا هەڵوێستیان لەبارەی شۆڕشی کوردستان ڕاستکردەوە[1].

قاسم لە 23 تشرینی دووەم 1961، بۆ کردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان سەردانی سلێمانی کرد، گوتارێکیدا و گووتی: (ڕۆڵە ئازاکانی باکوور، برایان بە قسەی تێکدەران و بێباکان هەڵمەخەڵتێن، وڵاتەکەمان لە باکووری زاخۆ بۆ باشووری کوێت درێژدەبێتەوە، برایان بەو بۆنەیەوە ئەمڕۆ لە لیوای سلێمانیم، هەموو ڕێزو خۆشەویستییەکم بۆیان هەیە، دەمەوێت ئەو هزرە ڕاست بکەمەوە، برا کوردەکانمان لە هەر شوێنێکی ئەو وڵاتە هەبن، وەفادار و دڵسۆز و ڕاستگۆن بۆ ئەو خاکە، بەڵام تێکدەران خزاونەتە نێو ڕێزەکانی گەل، کۆمەڵێکی کەمن جگە لە بەرژەوەندییەکانیان هیچی تریان بۆ گرنگ نییە، بۆیە بە بۆنەی هاتنم بۆ لیوای سلێمانی، لێبوردنێك بۆ جوتیاران و هەژاران، ئەوانەی بەو بزووتنەوە بێباکە هەڵخەڵەتاون ڕادەگەێنم[2]).

قاسم دیسان لەو گوتارەشیدا، کوردستانی بە باکوور ناوبرد، بەڵام ئەمجارە سنوورەکەی لە زاخۆ تا کوێت درێژ کردەوە، چونکە بەرلەماوەیەك، کوێتی وەك قەزایەکی عێراقی ناساند بوو[3]، قاسم داوای خۆ بەدەستەوەدانی شۆڕشگێڕانی کرد، بۆ ئەم مەبەستەش لێبووردنی بۆ ئەوانەی بە قسەی ئەو "هەڵخەڵەتاون" دەرکرد و گووتی: دەتوانن بگەڕێنەوە باوەشی حکومەت. بەو گوتارەی لە دەربەندیخان قاسم دیسان هیچ هیوایەکی بۆ ئاشتی لە نێوان خۆیی و پارتی نەهێشتەوە، چونکە داوای خۆبەدەستەوەدانی لە شۆڕشگێڕان کرد، ئەو لێبووردنەشی وەك دەستکەوتێك، بە بۆنەی هاتنی بۆ لیوای سلێمانی بۆ کورد ڕاگەیاند.

قاسم لە گوتارەکەی هەوڵیدا کورد و بزووتنەوەکەی لێکجیابکاتەوە، شۆڕشی کوردی بە کۆمەڵێکی بچووکی بێباك و بەرژەوەندیخواز ناوبرد و گەلی کوردیشی بە گەلێکی ڕاستگۆو دڵسۆز دانا، هەروەها وشەی برایانی بەکارهێنا، ئەم زاراوەیە مانای نزیکایەتی و خۆشەویستی دەگەێنێت، خۆیشی وەك بەرگریکاری مافی هەژران و جوتیاران دانا، ئەویش بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی گەلی کوردستان، چونکە بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان لە و چینانە پێکهاتبوون.

قاسم، لەگەڵ ئەوەی نەیتوانی یان نەیویست، مافەکانی کورد بسەلمێنێت[4]، لەسەردەمی ئەویشدا بزووتنەوەی چەکداری گەلی کوردستان دەستی پێکرد، لەگەڵ هەموو ئەو کارە خراپانەی دەرهەقی کورد و بزووتنەوەکەشی ئەنجامیدان، بەڵام سەردەمی دەسەڵاتەکەی بەتایبەتی سەرەتایەکەی، واڵا نەبوو لە کاری باش و دەسەکەوتی مێژووی بۆ گەلی کوردستان. دانانی ماددەی سێیەم لە دەستووری کاتیدا، هەرچەندە پێشتر لە بەرنامەی حزبی کۆنگرەی نیشتمانیدا هەبوو، بەو شێوەی خۆی لە دەستووردا هاتبوو، بە هاوکاری هەردوو حزبی نیشتمانی دیموکراسی و ئیستقلال و پارتی دیموکراتی کوردستان دانرا[5]. چونکە عەبدولکەریم قاسم بەر لە ئەنجامدانی کودەتاکەی لە ڕێگەی ڕەشید مطلەگەوە، پەیوەندی لەگەڵ پارتی وحزبی ئیستقلالەوە هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر قاسم نەبوایە، ئەفسەرەکانیتر ڕازی نەدەبوون ئەو ماددەیە لە دەستووری کاتیدا بچەسپێت.

---

[1] جرجيس فتح الله، العراق في عهد قاسم، المصدر السابق، ص866.

[2] صالح عباس ناصر الطائي، الاوضاع العامة في العراق، المصدر السابق، ص492-496.

[3] نوري عبدالحميد العاني و آخرون، تاريخ الوزارات العراقية، المصدر السابق، ص177.

[4] ماريون فاروق سلوغلت و بيتر سلوغلت، من الثورة الى الديكتاتورية، المصدر السابق، ص 119.

[5] جرجيس فتح الله، نظرات في القومية العربية، بيروت، ج3، دار آراس و الجمل، 2012، ص1356.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

هەرچەندە ئەو دەسکەوتانە نەبوونە  هۆی ڕازی بوونی دەستە بژێری سیاسی کوردی، چونکە ئامانجە نەتەوەییەکانیان لەوە بەرزتر بوون و پەلەیان کرد، دەیانویست هەموو مافەکان بەیەکجار وەرگرن[1]، بارزانیش پێیوابوو پێویستە جاری پەلە نەکرێت لە هەڵگیرسانی شۆڕش، زۆر هەوڵیدا لە ڕێگەی اسماعیل عارف(1924-1992)ەوە، گومانەکانی قاسم لاببات و دڵنیایی بکات[2].

مەسعود بارزانیش دەڵێت: (لە ناخی دەروونمەوە ئاواتی ئەوەم دەخواست شۆڕشی ئەیلوول لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا هەڵنەگیرسایە[3])، ئەو ئاوات خواستنەی بارزانی بە هەڵنەگیرسانی شۆڕش لە سەردەمی قاسمدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان جەختکردنەوەیە لەسەر هەمان بۆچوونی اسماعیل عارف. چونکە سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئاگاداری هەڵوێستی لایەنە سیاسییە نەتەوەییەکان بوون، بەتایبەتی حزبی بەعس.

بەرەی نەتەوەیی لە کۆتایی مانگی ئەیلوول 1961 بەیاننامەیەکیان لە بارەی شۆڕشی کوردستان دەرکرد، لە بەشێکیدا هاتووە ( دەرکەوتنی ناکۆکی ڕەگەز پەرستی  گومان لێکراو لە باکووری عێراق، بە ساختە بە ناوی کوردەوە کراوە بۆ دابەشکردنی خاکی عێراق  و لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی تێکۆشانی، ئەو ناکۆکیانە بە هاندانی دەسەڵاتی قاسمە، بۆ لێدانی ئاڕاستەی نەتەوەیی عەرەبییە[4]). دەبوو سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەو ڕاستییەیان زانیبا دوای قاسم ئەوانە دەبنە شوێنگرەوەی دەسەڵاتەکەی.

ئەگەر بزووتنەوەی سیاسی کوردی پەلەیان لە هەڵگیرسانی شۆڕشدا کردبێت، بەڵام ئۆبالی بەردەوامی جەنگ و نەسەلماندنی ئاشتی دەکەوێتە ئەستۆی قاسم، چونکە بەهیچ دەست پێشخەرییەك بۆ ئاشتی لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردستان ڕازی نەبوو[5]، لە 24 نیسان 1962 سەت کەس لە ڕۆشنبیرو سیاسی و بیرمەندانی عێراقی واژۆیان لەسەر داوایەك بۆ ڕاگرتنی جەنگ و گفتووگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی کرد، قاسم ڕەتیکردەوەو فەرمانیدا بەگرتنی هەشت لەو کەسانە، هەندێکیان بۆ ماوەی پێنج ساڵ زیندانی کردن[6].

قاسم بە درێژایی ئەو شەڕەی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد کردوویەتی، چەندین جار پەیوەندی بە بارزانیەوە کردووە، بەڵام هەموو جارێك داوای کردووە ئەو ئامادەیە لێیخۆشبێت[7]، تەنها بۆیەك جار وەفدێکی بەسەرۆکایەتی حەسەن عەبوود سەرکردەی لیوای پێنجی موسڵ لە 17 کانوونی یەکەمی 1961 ناردووە بۆ لای بارزانی لە سەرسنگ لە ناوچەی بادینان کۆبوونەتەوە، ئەمجارەش مەبەستی گفتووگۆ نەبووە، بەڵکو بۆ کوشتنی مەلا مستەفا بووە، چونکە لە کاتی کۆبوونەوەکە فڕۆکەکان هاتن شوێنی دیار کراوی یەکەمیان بۆردومان کرد، نەیانزانیبوو شوێنی کۆبوونەوەکە گۆڕاوە، دوای گەڕانەوەی حەسەن عەبود، قاسم دەستگیری کرد و زۆر دابەزیە سەری بە پیاوێکی ترسنۆکی دانا،  دواتر لە سەرکردایەتی لیوای پێنجیشی لای برد[8].

---

[1] اسماعیل عارف، اسرار ثورة 14 تموز، المصدر السابق، ص395.

[2] قابل محسن الركابي، الحياة الحزبية، المصدر السابق، ص155.

[3] مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل29.

[4] عبدالفتاح علی البوتاني، التطورات السياسية، المصدر السابق، ص325-327.

[5] سيف عدنان القيسي، مذكرات مصطفى علي من المعارضة الى الوزارة، بيروت، مكتبة النهضة العربية، 2021، ص224.

[6] حامد مصطفى مقصود، ثورة 14 تموز، المصدر السابق، ص369.

[7] عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني قائد الثورة الكوردية و ملهمها، دهوك، مطبعة جامعة دهوك، 2012، ص73.

[8] جرجيس فتح الله، العراق في عهد قاسم، المصدر السابق، ص859.

عەبدولکەریم قاسم لە گوتارێکیدا لە هۆڵی خولد لە بەغدا، بۆ جوتیاران و کرێکاران لە 10 کانوونی دووەمی 1963گووتی: (شۆڕشی 14 تەمووز بۆ تێکشکاندنی ئیستعمار لە هەموو شوێنێکی وڵاتە خۆشەویستەکەمان و خزمەتکردنی گەلی عێراق هاتووە، بۆیە ئێمە ئارەزوو دەکەین دەرفەتێکیتر بدەینە یاخییە پەشیمان بووەکان لە باکوور لەسەر کارە دوژمنکارییەکانیان دژی ئێمە، بۆ ئەوانەی حەزدەکەن دڵسۆزیەکەیان بۆ کۆماری عێراقی نەمر دیار بکەن، بۆیە بڕیارماندا بە پێدانی مۆڵەت بۆ ماوەی 10 ڕۆژیتر بۆ گەڕانەوەیان بۆ ڕیزەکانی نیشتمان[1])، قاسم بەم شێوەیە مامڵەی لەگەڵ شۆڕشی کورد کرد و پێیوابوو کۆمەڵێکی هەڵخەڵەتاون و سەرکردەکەشیان بارزانی بەقسەی ئیستعمار ئەو شۆڕشەی هەڵگیرساندووەو میللەتی کورد لەگەڵی نییە، ماوەیەکە دەتوانێت کۆتایی بەو بزووتنەوەیە بێنێت، بێ ئاگا لەوەی لە کاتی ئەو گوتارەیدا تەمەنی خۆیی و دەسەڵاتەکەی کەمتر لە ماوەی مانگێکی مابوو.

لە 15 کانوونی دووەم 1963لە کۆنگرەی ئەندازیاران لە هۆڵی گەل لە بەغدا گووتی: (هاوکاری ئیستعمار بۆ یاخبووەکانی باکوور بەردەوامە، وێڕای شکستی بەکرێگیراوان لە باکووری عێراق، یەکەم ئامانجیان لەمەدا ڕاگرتنی پێشکەوتنەکانی عێراقە، دووەمیان تاڵان و بردنی سامانی عێراقە، ئیستعمار هەر بەوەندە نەوەستاوە پارچەیەکی لە باشووری عێراق (مەبەستی کوێتە) بردووە، بەڵکو دەیەوێت پارچەیەکیش لە باکوور ببات[2]). کێشەی قاسم وەك هەموو ئەوانەی دوای خۆی ئۆتۆنۆمی بە دابەش بوون و جیاخوازی تێگەیشتبوو، بۆیە دەڵێت: " ئیستعمار دەیەوێت پارچەیەك لە باکووری وڵات ببەن، وەك چۆن کوێتیان بردووە، لێرەدا کێشەی کوردی لە عێراق بەرانبەر کێشەی کوێت داناوە، لە کاتێکدا کورد داوای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا دەکرد.

لە 18 مانگی کانوونی دووەمی 1963 بەبۆنەی کردنەوەی باخچەکانی هێلی ئاسنین و باخچەی ئاژەڵان گووتی: (ئەوانەی هەڵخەڵەتاون ڕەنگە هەڵەیان کردبێت ئەوان برایانی ئێمەن، ئەوان تاوانیان نییە، تاوانی ئیستعمارە، ڕیزەکانی پیس کردووە بۆ نانەوەی ناکۆکی لە نێوان ڕۆڵەکانی گەل، بۆیە بڕیارماندا بە درێژکردنەوەی ماوەی لێبووردن بۆ یاخیبووە کوردەکان بۆ کۆتایی مانگ). قاسم بیرو هزری هەر لەسەر خۆبەدەستەوەدانی شۆڕشگێڕانی کورد بووە، بۆیە ماوەی لێبووردنەکەی بۆ دە ڕۆژی تریش درێژکردۆتەوە، لە کاتێکدا تەمەنی خۆیی و دەسەڵاتەکەی تەنها بیست ڕۆژ مابوو.

هەروەها لە 5 شوبات 1963 سێ ڕۆژ پێش کودەتای بەعسیەکان لە 8 شوبات لە بارەی کوردەوە گووتی: ( من بە کوردەکان ڕادەگەێنم کۆماری عێراق کۆماری خۆیانە، ئەوان بران لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلەکەیان، ئەوەی ڕۆیشت و تێپەڕی، ئێمە لاپەڕەیەکی نوێ دەکەینەوە پێکەوە هەموو ڕۆڵەکانی گەل یەك دەگرین بۆ ڕزگارکردنی بەشەکانی بردراوی وڵاتەکەمان، برایانی کوردمان هەموویان دەزانن من ڕێزیان دەگرم و سۆزم بۆیان هەیە و هەوڵدەدەم بۆ بەرژەوەندییەکانیان، خۆشم دەوێن ئەی برایانی کورد وەك چۆن گەلی عێراق خۆشی دەوێن[3]).

ئەم ڕستانەی دوا قسەن لە بارەی کوردەوە، قسەکان سۆزاوین، هەروەها پێدەچێت هەندێك ئاگاداری ئەو پلانە بێت لەلایەن بەعسییەکانەوە بۆ لە ناوبردنی دانراوە، چونکە شیوعییەکان پێشتر ئاگاداریان کردبووە لە پلانێکی وا، کاردانەوەکەی تەنها ئەوە بوو هەڵسا بە گرتنی ساڵح مەهدی عەماش و علی ساڵح سەعدی لە 4 شوبات[4]، چونکە لەو گوتارەدا قاسم دەڵێت: " ئەوەی ڕۆیشت و تێپەڕی ئێمە لاپەڕەیەکی نوێ دەکەینەوە" لێرەدا بەڕوونی دیارە دەیەوێت ئەوەی لە ڕابردوو ڕوویدا نەخاتە ئەستۆی هیچ لایەنێك و باس نەکرێت، ئەم قسانەی لەگەڵ قسەکانی پێشووی زۆر جیاوازن، هەمیشە "شۆڕشی کوردی بە کرێگرتەی ئیستعمار تاوانبار دەکرد" ئەمجارە دەڵێت: "ئەوەی ڕۆیشت و تێپەڕی، دەیەوێت بگاتە

(1) صالح عباس ناصر الطائي، الاوضاع العامة في العراق، المصدر السابق، ص205.

(2) صالح عباس ناصرالطائی، المصدر نفسه، ص203.

(3) صالح عباس ناصر الطائي، الاوضاع العامة في العراق، المصدر السابق، ص 206.

(4) ماريون فاروق سلوغلت و بيتر سلوغلت، من الثوره الى الديكتاتورية، المصدر السابق، ص 123.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ئەنجامێك لەگەڵ كورد، چونكە گوتارەكەی جۆرێك لە ئاشتبوونەوەی تێدایە، هەروەها دەیەوێت بە گەلی كورد بڵێت: سەرەڕای جەنگ و ناخۆشی ئەو هێشتا وەك سەركردەیەكی عێراقی كوردەكانی خۆشدەوێت.

قاسم نەیدەزانی لەو كاتەی ئەو قسانەی دەكرد، وەفدی كوردی بەسەرۆكایەتی ساڵح یوسفی (1918-1981) ئەندامی مەكتەبی سیاسی و شەوكەت ئاكرەیی (1927-1980) ئەندامی سەركردیەتی پارتی دیموكراتی كوردستان، لەگەڵ وەفدی حزبی بەعس بەسەرۆكایەتی عەلی ساڵح سەعدی (1928-1977) ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی، لەگفتووگۆدا بوون بۆ قسەكردن لە دوای دەسەڵاتەكەی قاسم، تەنها سێ ڕۆژ تەمەنی مابوو، هەردوو وەفد لەسەر ئەوە ڕێككەوتن دوای چەند ڕۆژێكیتر هەردوو "شۆڕش" یەكتر لە باوەش دەگرن، هێشتا سەت كاتژمێر بەسەر كودەتاكەی بەعس تێنەپەڕیبوون، بە هەزاران ئەندام و لایەنگری پارتیان خستە زیندانەوە[1]، هەروەها لە 10 حوزەیرانی هەمان ساڵیشەوە هێرشیان كردە سەر كوردستان و پلانی زەوی سوتماكیان پەیڕەو كرد، بەهەزاران گوندیان سوتاند، ئەو هێرشە بەسەركردایەتی عزیز عقێلی (1919-1981) بوو[2].

## دەرەنجام

لە ئەنجامی شرۆڤەكردنی ئەو بابەتەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

یەكەم: لەم توێژینەوەیەوە دەركەوت جێبەجێ نەكردنی ماددەی سێیەمی دەستووری كاتی، هۆكاری سەرەكی سەر هەڵدانی شۆڕشی كوردستان بووە. بەڵام پێموایە پێویست بوو كورد پشوویان لەگەل قاسم درێژتر بوایە.

دووەم: عەبدولكەریم قاسم كۆتایی بە سیاسەتی نكووڵیكردن لە بوونی كورد لە عێراقدا هێنا و بارزانی گەڕاندەوە بۆ عیراق، بەڵام دانی بە مافە سیاسییەكانی نەنا. هاوكاری كردنی بزووتنەوەی كوردی لەگەڵ بەعسییەكان بۆ ڕووخاندنی قاسم هەڵەبوو.

سێیەم: هۆكاری سەرەكی ڕووخان و لە ناوچوونی دەسەڵاتەكەی بەرەنجامی هەڵە ستراتیژییەكانی بووە. بەڵام شۆڕشی كوردیش یەك لە هۆكارە سەرەكییەكانی ڕووخانی بوو.

چوارەم: وێڕای ڕەوایەتی داخوازییەكانی گەلی كورد، بەڵام بزووتنەوەی كوردی پەلەی لە داواكارییەكانی كرد. دەكرا زیاتر چاوەڕێی هەنگاوەكانی قاسمیان كردبا، چونكە دروشمەكەی قاسم یەكەم عێراق بوو، نەك یەكگرتنی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، ئەمەش لە سوودی كورد بوو. دواتر كورد دەیزانی جێگرەوەكەی زۆر لە خۆی خراپترە.

پێنجەم: ئەوەی پێویستە كورد دەرسی لێوەربگرێت، بەبێ ناسینی جێگرەوەی دەسەڵاتێك نابێت هاوكاری لەگەڵ بكات بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی پێش خۆی. پێموایە ئەو توێژینەوەیە دەتوانێت زیادەیەك بخاتە سەر لێكۆڵینەوەكانی مێژووی هاوچەرخی عێراق و بزووتنەوەی كوردیش، چونكە دوور لە هەموو سۆزێكی نەتەوەیی نووسراوە.

شەشەم: ئەوەی شایانی دەرس لێوەرگرتنە بۆ ئێستای كوردستان، ئەوەیە پیاوە سەربازی و ئەمنییەكان ناتوانن دیموكراسی و یاسا پەیڕەو بكەن، بۆیە دەبێت كورد هەمیشە لەو جۆرە دەسەڵاتدارانەی عێراق بەگومان بن. لە هەموو مێژووی عێراق بەتایبەتی سەردەمی كۆماری یەك كەسی مەدەنی دەسەڵاتی وەرگرتووە، ئەویش عەبدولڕەحمان بەزاز بووە، هەوڵی چارەسەری كێشەی كوردیدا، بەڵام پیاوانی سەربازی لایانبرد لە دەسەڵات.

[1] جرجيس فتح الله، العراق في عهد قاسم، المصدر السابق، ص861.

[2] حامد مصطفى مقصود، ثورة 14 تموز،المصدر السابق، ص368.

حەوتەم: ئەم توێژینەوەیە سوودی بۆ ئێستای کوردستان هەیە، چونکە بەشدار بووە لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردستان و سیاسەتەکانی سەردەمێکی گرنگی دەسەڵاتدارانی عێراقی دوای سەردەمی پاشایەتی، ئەویش بەناساندنی چۆنیەتی بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی عێراقی ئەو سەردەمە، چونکە هیشتا عەقڵیەتی دەسەڵاتدارانی عێراقی گۆڕانێکی زۆریان لەبارەی مافەکانی کورد بەسەردا نەهاتووە ئەگەر جەبری زەمانە نەبێت.

## سەرچاوەکان:


کوردی:

1. بارزانی، مسعود، (2004)، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم/ بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر.

2. بارزانی، مسعود، (2020)، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد1931-1958، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

3. حەمەدئەمین، ئەحمەد، (2010)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

4. حەیدەری، ممتاز، (2000)، کوردو حکومەتی قاسم و سەرهەلدانی شۆڕشی ئەیلول، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر.

5. زەنگەنە، عەبدوڵلا (2022)، دەنگی گەل، چاپخانە ڕۆکسانا، هەولێر.

6. کۆچێرا، کرێس، (2003)، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، وەرگێڕانی حەمە کریم عارف، چاپخانەی ئۆفسێتی شڤان، هەولێر.

7. مەزهەر، دکتۆر کەمال، (2022)، بزووتنەوەی کرێکاران لە عێراقدا 1918-1932، بەرگی چوارەم، چاپخانەی دانشڤەر، هەولێر.

8. هەریری، نەجمەدین مامۆ، (2009)، بیرەوەرییەکانم، بەرگی1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

9. مستەفا، نەریمان مستەفا،(1994) بیرەوەرییەکانی ژیانم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

سەرچاوەی عەرەبی:

1. احمد، الدكتور كمال مظهر، (2022)، الآثار الكاملة، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، المجلد العاشر، مطبعة دانشفر، اربيل.

2. البزاز، عبدالرحمن، (1967)، نظرات في التربية و الاجتماع و القومية مع مقدمة ضافية في النكسة و عبرها، مطبعة العاني، بغداد.

3. بطاطو، حنا، (2021)، الطبقات الاجتماعية القديمة و الحركات الثورية في العراق، ترجمة سعد الحسني، ط2، دار الحكمة، لندن.

4. البوتاني، عبدالفتاح علي، (2007)، التطورات السياسية الداخلية في العراق 14 تموز 1958- 8 شباط 1963، ، مطبعة خاني، دهوك.

5. البوتاني، عبدالفتاح علي، (2012)، ملا مصطفى البارزاني قائد الثورة الكوردية و ملهمها، مطبعة جامعة دهوك، دهوك.

6. البوتاني، عبدالفتاح علي، (2025)، من مذكرات العقيد جلال محمد بالته 1963- 1970، المطبعة رۆژهەلات، اربيل.

7. تريب، تشارلز، (2006)، صفحات من تاريخ العراق، ترجمه: زينه جابر ادريس، دار العربيه للعلوم، بيروت.

8. التكريتي، سلمان، (1989)، الوصي عبدالاله بن علي يبحث عن عرش 1939-1953، الدار العربية للموسوعات، بيروت.

9. الجمور، احمد صابر، (2023)، النشاط السياسي الكردي في بغداد 1921- 1958، دار قناديل، بغداد.

10. حبيب، كاظم، (2005)، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق، دار آراس، اربيل.

11. الحربي، علاء جاسم محمد الحربي، (2002)، العلاقات العراقية- البريطانية 1945-1958، بيت الحكمة، بغداد.

12. الحسناوي، الدكتور رسول فرهود هاني، (2022)، عقدان من تاريخ السياسي 1938-1957 دراسة تأريخية تحليلية، ط2، دار الفرات للثقافة و الاعلام، الحلة.

13. حسين، عبدالخالق، (2003)، ثورة و زعيم دراسة في ثورة 14 تموز العراقية و عبدالكريم قاسم، دار الحصاد للنشر، سورية، دمشق.

14. الحلوائي، جاسم، (2009)، محطات مهمة في تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، دار الرواد المزدهرة للطباعة و النشر، بغداد.

15. دان، اوريل، (2012)، العراق فى عهد قاسم، ترجمة جرجيس فتح الله، دار آراس- دار الجمل، بيروت.

16. الدرة، محمود، (1966)، القضية الكردية، ط2، دار الطليعة، بيروت.

17. ديب، كمال ديب، (2013) موجز تاريخ العراق، دار الفارابى، بيروت.

18. الركابي، قابل محسن، (2021)، الحياة الحزبية في العراق 1958-1968، دار ومكتبة عدنان، بغداد.

19. سلوغلت، ماريون فاروق و سلوغلت، بيتر، (2003)، من الثورة الى الديكتاتورية العراق منذ 1958، ط2، ترجمة: مالك النبراسي، منشورات الجمل، بيروت.

20. شبر، ماجد شبر، (2007)، خطب الزعيم عبدالكريم قاسم 1958-1959، دار الوراق للنشر المحدودة، لندن.

21. طالباني، جلال، (1969)، كردستان والحركة القومية الكردية، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت.

22. الطائي، صالح عباس ناصر، (2018)، الاوضاع العامة في العراق 1958-1963 من خلال جريدة الثورة البغدادية، دار الفرات للثقافة و الاعلام، العراق- بابل.

23. الطائي، هادي جواد محمد، (2016)، ثورة وزعيم انجازات و مشاريع، دون دار النشر.

24. العارف، اسماعيل، (1986)، اسرار ثورة 14تموز و تأسيس الجمهورية في العراق، منشورات الماجد، لندن.

25. عارف، فؤاد، (2009)، مذكرات فؤاد عارف، كمال مظهر احمد، دار ئاراس للطبعة و النشر، اربيل.

26. العـامري، عبـدالخالق نـاصر، (2017)، الـبرزاني مصـطفى و القضـية الكورديـة في العـراق 1931-1975، دار الجواهري، بغداد.

27. العاني، نوري عبدالحميد، علاء جاسم محمد الحربي، احمد ساجت جاسم، محمد عويـد الـدليمي، جهـاد مجيـد محي الدين، كامل جواد عاشور، (2000)، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري (14 تمـوز 1958- 7 شـباط 1959)، ج1، بيت الحكمة، بغداد.

28. عبدالحميد، صبحي، (1994)، اسرار ثورة 14 تموز 1958 في العراق، ط2، دار العربية للموسوعات، بيروت.

29. العلوي، حسن، (1983)، عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين، دار الزوراء، لندن.

30. عليوي، هادي حسن، (2018)، رجالات العراق الجمهوري من عبدالكريم قاسم الى صدام حسين، مكتبة المجلة، بغداد.

31. فتح الله، جرجيس، (2012)، نظرات في القومية العربية، ج3، داران آراس و الجمل، بيروت- لبنان.

32. فتح الله، جرجيس، (1989)، العراق في عهد قاسـم آراء و خـواطر 1958-1963، ج2، دار نبـز للطباعـة و النشرـ، السويد.

33. فرانزن، يوهان، (2022)، نجمه الحمراء فى سماء العراق الشيوعية العراقية ما قبل صدام، ترجمة سـعود معـن، مكتبة النهضة العربية، بيروت.

34. فوزي، احمد ،(1961)، قاسم و الاكراد خناجر و الجبال، قاهرة.

35. القيسي، سيف عدنان، (2021)، مذكرات مصطفى علي من المعارضة الى الوزارة، مكتبة النهضة العربية، بيروت.

36. كريم، حبيب محمد، ( 1998)، تأريخ الحـزب الـديمقراطي الكوردسـتاني – العـراق فـى محطـات الرئيسـية 1946-1993، مطبعة خەبات، دهوك.

37. لونكرك، ستيفن همسلي. العراق الحديث1900-1950، (2019)، ترجمة: سليم طه التكريتـي، ج2، دار الرافـدين، بيروت.

38. مار، فيبى، (2020)، تاريخ العراق المعاصر، ترجمه مصطفى نعمان احمد، ط2، دار و مكتبـة اوراق- دار ومكتبـة المجلة، بغداد.

39. محمد، شيرزاد زكريا، (2010)، مجلس قيادة الثورة في كوردستان- العراق 1964-1970، مطبعة جامعـة دهـوك، دهوك.

40. مردان، جمال مصطفى، (1990)، عبدالناصر و العراق، دار العربية، بغداد.

41. مردان، جمال مصطفى، (1989)، عبدالكريم قاسم البداية و السقوط، مكتبة الشرقية، بغداد.

42. مظهر، الدكتور كمال، (2022)، حول الاقطاع ودراسة في العراق، مجلد التاسع، مطبعة دانشفر، اربيل.

43. مقصود، حامد مصطفى، (2002)، ثورة 14 تموز مدارات الأخوة الأعداء، مطبعة وزارة التربية، اربيل.

44. المنصور، جعفر عبدالدائم_ الخفاجي، صالح عبدالعالي، (2021) ، دار تموز ديموزي، دمشق.

45. النداوي، الدكتور عبدالمناف شكر، (2021)، صالح مهـدي عـماش صـفحات مـن سـيرته السياسـية و العسـكرية و الدبلوماسية، مكتبة النهضة العربية، بيروت.

# الخطاب و الرؤية عبد الكريم قاسم ازاء الكورد و كوردستان(1958-1963)

## دراسة تاريخية – سياسية


| |
|---|
| فرحان جوهر قادر |
| قسم التأريخ، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين- اربيل، أربيل، العراق |
| Farhan.jawhar@yahoo.com |
| أ. د. محمد عبدالله كاكسور |
| قسم التأريخ، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين- اربيل، أربيل، العراق |
| makakasur@yahoo.com |



### الملخص

تتناول هذه الدراسة الموسومة بـ(الخطاب و الرؤية عبدالكريم قاسم ازاء الكورد و كوردستان(1958-1963) تحليل الخطاب السياسي لعبد الكريم قاسم تجاه القضية الكوردية، من خلال دراسة نصوص خطاباته المتعلقة بالكورد وكوردستان، وذلك في مرحلتين: مرحلة ما قبل اندلاع الصراع المسلح بين الحكومة العراقية والحركة التحررية الكوردية، ومرحلة ما بعد اندلاعه عام 1961.

وتهدف الدراسة إلى الكشف عن طبيعة الخطاب الذي اعتمده قاسم في مخاطبة الكورد، وكيفية توظيفه سياسياً لاستمالة الموقف الكوردي، في ظل التباين بين الوعود الدستورية والممارسات السياسية الفعلية تجاه حقوقهم القومية والسياسية ضمن إطار الدولة العراقية.

كما تُبرز الدراسة التحوّل الذي طرأ على هذا الخطاب بعد اندلاع الصراع، ولا سيما لجوء قاسم إلى اتهام الحركة التحررية الكوردية، بقيادة ملا مصطفى بارزاني، بالانفصالية والارتباط بالقوى الاستعمارية، بوصف ذلك مدخلاً خطابياً لتبرير استخدام القوة العسكرية ضد الحركة الكردية.



### الكلمات المفتاحية:

عبد الكريم قاسم، الكورد وكوردستان، الشراكة العربية – الكردية، الوحدة الوطنية.


# “The Discourse and Vision of Abd al-Karim Qasim toward the Kurds and Kurdistan (1958–1963)”

## (A Historical – Political Study)


| |
|---|
| Farhan Jawhar Qader |
| Department of History, Collage of Arts, Salahaddin University, Erbil, Iraq |
| Farhan.jawhar@yahoo.com |
| Mohamed Abdullah Kakasur |
| Department of History, Collage of Arts, Salahaddin University, Erbil, Iraq |
| makakasur@yahoo.com |

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

## Abstract

**This study, entitled "Kurds and Kurdistan in the Speeches of Abd al-Karim Qasim (1958–1963)", is a historical and analytical study that focuses on the relationship between the Kurds and the government of Abd al-Karim Qasim. It analyzes the texts of Qasim's speeches dedicated to the Kurds and Kurdistan, both before and after the outbreak of the armed conflict between the Kurdish liberation movement and his government in 1961.**

**The study aims to show how Qasim used his speeches to appeal to the emotions of the Kurds and entice them, in order to evade the implementation of the constitution and deny them their political and national rights within the framework of Iraqi unity.**

**Finally, the study demonstrates how Qasim accused the Kurdish liberation movement, led by Mulla Mustafa Barzani, of separatism and collaboration with colonialism, to justify his use of violence against the people of Kurdistan and the destruction of opposed to the Kurdish movement.**

## Key Words:

**Abdul Karim Qasim, Kurds and Kurdistan, Arab–Kurdish partnership, National unity.**